Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090426

# رێبازە سۆفیگەرییەکان لە باکووری کوردستان لەنێوان (1983-2007)

شەیما سەعید حمەلاو

وەزارەتی پەروەردە

هێرش عبداللە حمەکریم

بەشی مێژوو// کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان// زانکۆی سلێمانی

*Article Info*

Received: September , 2022
Accepted : November ,2022
Published :December , 2022

*Keywords*

رێبازە سۆفیگەرییەکان، باکووری کوردستان، تورکیا، تەکییەوخانەقا

*Corresponding Author*

shymasaed@yahoo.com
hersh.hamakarim@univsul.edu.iq

**پوختە:**

رێبازە سۆفیگەرییەکان لە کوردستاندا، بەدرێژای ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی بەتایبەتی پاش رووخانی میرنشینەکان رۆڵی کاراو گرنگیان بینیووە، لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە شێخەکان لەپاڵ خزمەتە ئاینیەکەدا، رێبەرایەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردیان گرتەئەستۆ. پاش رووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی وێڕای داخستنی تەکیەو خانەقاکان‌و سیاسەتی توندی مستەفا کەمال بەرامبەریان، بەڵام رێبازە سۆفیگەرییەکان بەنهێنی درێژەیان بە سروتە ئاینیەکان دا. بەدەرکەوتنی ژیانی فرەحزبی لە تورکیا، رێبازە سۆفیگەرییەکان بە تایبەتی لە باکووری کوردستان دەستیان بە چالاکیی کردەوە. لە چارەکی کۆتایی سەدەی بیستەم گەشەسەندنی ئیسلامی سیاسیی‌و، دەرکەوتنی پارتی رەفاه لە 1983 بەدواوە، زمینەیەکی لەبار رەخسا بۆ رێبازە سۆفیگەرییەکان لە باکووری کوردستان بەتایبەتی و تورکیا بە گشتی، کە لە پاڵ ئەرکە ئایینی‌و کۆمەڵایەتی، بەشداریی لە سیاسەت بکەن. ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا جەختی لەسەر کراوە ئەوەیە، ڕێبازە سۆفیگەرییەکان لە کوردستاندا مێژوویەکی پڕ لە ململانێ و ڕکەبەرییان هەیە لەگەڵ حکومەت و لەنێو خۆشیاندا. هەر لەم سۆنگەیەوە، ڕێژەی بەشدارییان لە سیاسەتدا وەک یەک نیە، بەڵکو جۆراوجۆر بووەو هەر جۆرێکیشیان شوێن دەستی لە کوردستاندا دیارو بەرچاوە.

**پێشەکی:**

لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانەی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بەدوواوە، کە لە تورکیادا ڕوویدا، ئیسلامی سیاسی گەشەیسەند. لەپاڵ ئیسلامی سیاسی، ڕێبازە سۆفیگەرییەکان لە تورکیا بەگشتیو باکووری کوردستان بەتایبەتی کەوتنە جموجوڵو چالاکی. بەهۆی ئەو پاشخانە مێژوویەی ڕێبازە سۆفیگەرییەکان لە کوردستان بەگشتیو باکووری بەتایبەتی هەیانبووە، ڕۆڵی کاراو گرنگیان لەسەر کۆمەڵگەی کوردی هەبووە، بەجۆرێك شێخەکان لە شوێنی لەدایکبوونیان، یان ناوچەکانی دیکەی کوردستان بە کردنەوەی تەکیەوخانەقا کردوەتە مەڵبەندی بڵاوکردنەوەی ڕێبازەکەیانو هەرلەوێشەوە شوێنکەوتەو مورىدیان لەدەوری ڕێبازەکە لە تەواوی ناوچەکانی کوردستان و تورکیاش کۆکردووەتەوە، بوونەتە گرووپێك و ڕەوتێکی کاریگەر لەسەر سیاسەتی دەوڵەتی تورکیا.

گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە، گرووپە جیاوازەکانی ڕێبازە سۆفیگەریی لە باکووری کوردستان، لە ناوچە جیاوازەکان بڵاوبوونەتەوە. شێخ لە شوێنی لەدایکبوونی یان هەرشارێکی دیکە بێت تەکیە یان خانەقای خۆی هەبووەو شوێنکەوتوانی شێخ لە ناوچە جیاوازەکانەوە سەردانیان کردووەو پابەندی ڕێنمای و دیدوبۆچوونەکانی ڕێبازەکەو مورشیدەکەیان بوون. ڕێبازە سۆفیگەرییەکان لەپاڵ ئەرکی ئایینی، کاریگەریشیان لەسەر سیاسەت هەبووە.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە لەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەوتوێژینەوانە، کە لەسەر ڕێبازە سۆفیگەرییەکان نووسراوە زیاتر لایەنی ئایینییان باسکردووە، هەربۆیە ئێمە بە باشمانزانی لەڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە لایەنەکانی دیکەی ڕێبازە سۆفیگەرییەکان بەتایبەتی کاریگەریی و ڕۆڵیان لەلایەنی سیاسیو دیدوبۆچوونو چالاکییان بخەینەڕوو.

لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا پشت بەو سەرچاوە مێژووییە ڕەسەنەکان بەستراوە بەتایبەتی ئەو کتێبو توێژینەوە ئەکادیمیانەی، کە بە زمانی تورکی باسیان لەم ڕێبازانە کردووە.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە پێشەکی و دەروازەو چوار تەوەر لەخۆدەگرێت بەم شێوەیە: تەوەری یەکەم: تیشک خراوەتەسەر ڕێبازی نەقشبەندی(Nakşbendiler)و ئەو گرووپانەی سەربەم ڕێبازەن، تەوەری دووەم: باسمان لە ڕێبازی خەڵوەتی(Halvettiler)و ئەو گرووپانەی سەربەم ڕێبازەن کردووە، تەوەری سێیەم: ڕێبازی ریفائی - روفاعیە(Rifailer)، تەوەری چوارەم: ڕێبازی قادری( Kadiriler) ئەو گرووپانەی سەربەم ڕێبازەن باسکراوە.

**دەروازە:**

سەرەتا ڕێبازی سۆفیگەری[1]، بە هەمانشێوەی زوهد و سۆفیزمی ئیسلامی تەنها بە مانای هەنگاونان بەرەو جیهانێکی ڕۆحانی بوو، واتە دونیا بینی سەرەتایی سۆفیزمی کوردی دونیابینییەکی تەواو ڕۆحانی بووە، پاشان لەسەدەی سێزدەهەمەوە زاراوەکە(سۆفیزم) چووە نێو قاڵب و چوارچێوەی قوتابخانەیەکی فکری و ئاوێتە و پەیوەندیدار بەشێوازی عیرفانییەوە، دیارە ڕێبازەکە لە پاش مردنی پیرە سۆفی هەردەماو موریدو موریدی موریدەکان درێژەیان بە ڕێبازەکەدەدا. سەرەتا پەیڕەوانی ڕێبازەکانی سۆفیزم لە کوردستان جگە لە ئەزموونی عیرفانی، واتە ئەزموونی توانەوە لە بیری خودا، یان پەیڕەویی و گەیشتن بەراستی هیچ ئارەزوویەکی دیکەیان نەبووە لەوەزیاتر بیریان لە مەسەلەیەکی دیکە نەدەکردەوە[2].

سۆفیزم یەکێك لە دیارترین هۆکارە بزوێنەرەکانی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی دەوڵەتی عوسمانی بوو، کاریگەری قوڵو فراوانی ڕێبازەکانی سۆفیزم لە دەوڵەت و ژیانی کۆمەڵگە بەیەکەوە سروشتێکی سۆفیگەری تایبەتی بە ژیانی گشتی بەخشیبوو ئەمە لە ڕێوڕەسمو نەریتەکانیاندا بەروونی ڕەنگیداوەتەوە، وەك هاتنەسەرتەختی فەرمانڕەوای سوڵتانو پێکهێنانی هێزی سەربازیی عوسمانیی و ژیانی زانستی...هتد ڕێبازە سۆفیگەرییەکان لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەتایبەتی لە ناوچەی ئەنادۆڵ دەرکەوتن، ژمارەیەك لەو ڕێبازانە ڕۆڵێکی گەورەیان لە ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی ئەو ناوچانەدا بینی، بەهۆی فراوانبوونی مەیدانو دەسەڵاتی سۆفیزم بەجۆرێك ژمارەیەکی گەورە لە زانایان تێکەڵ بە ڕێبازەکانی سۆفیزم بوونو بەشێکی گەورەی کەرتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە پەیوەندییان پێوەکردن[3].

لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم، شێخەکانی کوردستان تەنها کەسانێك بوون، کە دوای ڕووخاندنی میراتییەکانی کوردو ئاڵۆزتربوونی دۆخی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردستان بتوانن خەڵکی لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوەو تەکیەو ناوەندەکانی ڕێبازەکەیان وەك ناوەندێکی گرنگی گەورەکردنی هێزو هەژموونی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریی تێکەڵبوون بەو دەزگای سیاسیو سەربازیو کارگێڕییەکانی عوسمانیو بوون بە بەشێك لە هێزو سیستمی دەسەڵاتی سیاسی ئەم دەوڵەتە[4]، هەربۆیە گۆڕەپانەکە لەژێر کۆنترۆڵی ڕێبازەکانی قادری[5] و نەقشبەندیدا[6] بوو، ئەو ڕێبازانە لە هەندێك کاتی تایبەتدا ڕۆڵی سیاسیو کۆمەڵایەتی گرنگیان لە کوردستان گێڕاوە، چونکە نوێنەری نموونەیەکی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی سەربەخۆ لە عەشیرەتەکان، هەروەها حکومەت بوون[7].

لەسەردەمی مستەفا کەمالدا، تەواوی ڕێبازە سۆفیگەرییەکان بە ڕەوتی چاکسازییەکانی کەمالیدا تێپەڕین. مامەڵەی چاکسازی کەمالی لەگەڵ ڕێبازە سۆفیگەرییەکاندا بەدوو قۆناغدا تێپەڕین:

قۆناغی یەکەم: دەناسرێتەوە بەوەی هەڵوێستی کەمالیەکان بەرامبەر گرووپو ڕێبازە سۆفیگەرییەکان هاوئاهەنگ بوو لەم قۆناغەدا کەمالییەکان لەجەنگی سەربەخۆیدا، بەشێوەیەکی تەواوەتی هاریکارییان لەگەڵ گرووپە سۆفیگەرییەکان کرد. مستەفا کەمال ڕێبەری گرووپە سۆفیگەرییەکانی بەکارهێنا بۆ تەیارکردنی جەماوەر بۆ جیهاد دژی داگیرکەران، لەبەرئەوە دەستووری 1924 وازی لە ڕێبازە سۆفیگەرییەکان هێنا ئازادبنو واتە بەربەستی دەستووری بۆ دانەنان.

قۆناغی دووەم: دانانی یاسای نوێ، کە بەوپێیەی ڕێبازەکان هەڵدەوەشێنرێتەوە پرۆسەیەکی دەستپێکرد بۆ قەدەغەپێکردنی ئەو

ڕێبازانەو داخستنی بنکەکانیان، پاشان ڕێگرتن لە ئەندامانی ئەو ڕێبازانە لە ئەنجامدانی هەرچالاکییەك لە هەرشوێنێك و دوورخستنەوەو بڵاوپێکردنو کۆچپێکردنو ڕووبەڕووی زۆرێك لە ڕێبەران و شوێنکەوتوانی ئەم ڕێبازانە بوونەوە، نەهامەتیەکانی ئەم ڕێبازە سۆفیگەرییانە تاڵوتوندبوو لەگەڵ ئەو ڕێوشوێنانەی چاکسازییەکانی کەمالی سەپاندی[8].

سەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەم بەرتەسکردنەوەو گەمارۆی سەر ئایین کەمترکرایەوە بەتایبەتی لەسەر پیاوانی سۆفیو تاکەکانی دیکە، لەوماوەیەدا ژمارەیەك لەو ڕێبازە سۆفیگەرییانە لە چالاکیی نهێنییەوە دەستیانکرد بە پەیڕەوکردنی چالاکیی ئاشکرا بەشێوەیەکی هەنگاو بەهەنگاو، ئەوەی یارمەتی ئەمەیدا ڕکەبەری سەرکردە سیاسییەکان بوو لەسەر بەدەستهێنانی دەنگی ئەندامانی ئەم ڕێبازە سۆفییانە لەکاتی نزیکبوونەوەی هەڵبژاردندا [9].

**1- تەوەری یەکەم: ڕێبازی نەقشبەندی(Nakşbendiler)**

سەرتایی دەرکەوتنی ڕێبازی نەقشبەندی لە تورکیادا دەگەڕێتەوە بۆ یەکێك لە موریدەکانی(عوبەیدوڵڵا ئەحرار) لە ئەستەنبوڵ، کە لە 1409دا خانەقای دامەزراند و ڕێبازەکە بەشێوەیەکی زۆرخێرا دەستی بە بڵاوکردنەوە کردو چەندین لقی لە شارەکانی ڕمیلیاو ئەنتالیادا لێبووەوە. هەرلەسەرەتادا ڕێبازی نەقشبەندی لەناو تورکەکاندا جێگەی گرتەوە، کە لە ناوەڕاستی ئاسیاوە سەریهەڵدابوو پاشان موریدەکانی ئەحمەد فاروقی سەرهەندی درێژەیان بەو ڕێبازە دا، هەتاوەکو لەناو تورکیادا بە ڕێبازی(نەقشبەندی مەجددیە) ناوبانگی دەرکرد. بەدەرکەوتنی کەسایەتیەکی کاریزمای لەناو ڕێبازەکەدا بەناوی مەولانا خالیدی شارەزوری[10]، بەهۆی توانای بەرزی لە ئایینو شارەزای لە شەریعەتدا توانی زۆرێك لە چینە جیاوازەکانی لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە. مەولانا خالید خاوەنی جۆرێك لە مامەڵەی زیرەکانە بووە لەگەڵ دەسەڵاتدارانو توانیویەتی بەشێوەی دیاری گۆڕینەوە و بیرهێنانەوەی پیرۆزییەکانی ڕێباز خۆی لێیان نزیك بکاتەوە، هەروەها مەولانا پەیوەندی لەگەڵ کەسایەتییە کاریگەرەکان بەستووەو بە خەلیفەی خۆی هەڵیبژاردن هەوڵیداوە لە ڕێگەیانەوە زۆرترین کاریگەری لەناو کۆمەڵگەو چینی سیاسییدا دروستبکات [11].

مەولانا خالید هەوڵیداوە ڕێبازەکەی لە ئەستەنبوڵ پەرەپێبدات، هەربۆیە لە 1819 نوێنەری(پەیکێك)ی ناردووە بۆ ئەستەنبوڵ هەرچەندە پێشتر نەقشبەندی موجەدیدی چووەتەناو ئەستەنبوڵ، بەڵام هەوڵەکانی مەولانا خالید جیاوازتر بووە لەوانەی پێشخۆی لەنامەکانیدا، کە دەینارد بۆ ئەستەنبوڵ دەوڵەتی عوسمانی بە دوا قەڵای ئیسلام وەسف دەکردو داوای لە شوێنکەوتوانی دەکرد، کە نزا بکەن خودا دەوڵەتی عوسمانی بپارێزێت، هەروەها نزا بۆ پشتگیری سوڵتان دەکرد وەك پارێزەری ئیسلام، هەربۆیە کارێکی گران نەبوو ڕێبازی نەقشبەندی- خالیدی کەوا کاربکاتە سەر چینە باڵادەستەکانی ئەستەنبوڵو مورید لەنێو ڕیزی دەستەبژێری فەرمانڕەوادا پەیدا بکات. پاش مردنی مەولاناخالید لە 1827 لە دیمەشق، هەرچەندە زیانێکی زۆر بەرێبازەکە گەیشت، بەڵام مەولانا ڕێکخەرێکی بەتواناو ڕابەرێکی سۆفی جیاوازبوو. ئەو توانی لەناو کورددا گەلێك کەسی نەوەی نوێ بۆ ڕێبازەکەی رابکێشێت، کە وەك خۆی لەو مەدرەسانەدا، کە میرە کوردەکان دروستیان کردبوو، خوێندبوویان بەم شێوەیە لەماوەی شانزدە ساڵی چالاکیی ڕێبازەکە توانی ژمارەیەکی زۆر لە مورید بۆ ڕێبازەکەی کێش بکات لانی کەم حەفتا خەلیفە پێبگەیەنێت، کە زۆربەیان کوردبوونو ناردنی بۆ شاروشارۆچکە جۆراوجۆرەکانی وڵاتی عوسمانییو شوێنەکانی دیکە. ئەوانە دڵسۆزانە پەیامەکەیان جێبەجێ دەکرد بەرادەیەك، کە لە میانەی یەك پشت(نەوە/جیل) لەپاش مەرگی، ڕێبازی نەقشبەندی- خالیدی زۆربەفراوانی بڵاوبوویەوە بەتایبەتی لەشارەکانی ئەنادۆڵ و لەنێو عەشیرەتە کوردەکاندا. هەرچەندە لە 1828 سوڵتان مەحمودی دووەم دەرکەوت و گەشەسەندنی ڕێبازی نەقشبەندی پێخۆش نەبوو ژمارەیەك لە ڕابەرەکانی ڕێبازەکەی دوورخستەوە، بەڵام زۆری نەخایاند سەرەڕای ئەو کۆسپو ئاستەنگانە، ڕێبازەکە چالاکییەکانی لەشارەکان دەستپێکردەوە لای گەلێك لە ئەندامانی چینی باڵادەست بە بەهێزی مایەوە[12].

لەسەرەتایی سەدەی بیستەم ڕێبازی نەقشبەندی- خالیدی، لەگەڵ ڕژێمە نوێیە سیکۆلارەکەدا تووشی ململانێی بەرنگاربوونەوەی دراماتیکی بووەوە. پاش ئەوەی لە 1925وە هەموو ڕێبازە سۆفیگەرییەکان قەدەغەکران لەم قۆناغە بەدواوە ڕێبازی نەقشبەندی لە تورکیا فێری ئەوەبوو، کە بەنهێنی پارێزگاری لە نەریتو ڕێوڕەسمی خۆی بکات. کەوتە هەوڵی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی بەجێماوەی لە هەڵوەشانەوەی مەدرەسەکانو پەرشوبڵاوبوونەوەی زاناکانودەستکەوتنی کتێبە ئایینیەکان زۆرێك لە وەچەی یەکەمی شێخە ناودارەکان، کە هەموو لە کۆتایی سەردەمی عوسمانییدا خوێندوویانە بەردەوام بوون لە گواستنەوەی ڕێبازەکە [13].

شێخانی ڕێبازی خالیدی -نەقشبەندی لە دوای بڕیاری داخستنی سەرجەم مەدرەسە ئایینیەکان لەسەرانسەری تورکیادا، لە مەدرەسە تایبەتەکان وانەکانی تایبەت بە پەروەردەی ئایینیو ئیسلامییان بە قوتابییەکانیان لە باکووری کوردستان دەخوێندو ئەو قوتابیانەش لەم مەدرەسانەدا دەرسی ئایینیو شەریعەتیان خوێند پاشتر لە ناوچە جیاوازەکانی تورکیادا وەك موفتی و گوتاربێژو پێشنوێژی مزگەوتەکان کارو ئەرکییان ڕاپەڕاند، هەروەها تایبەتمەندی دیکەی خاناقا ئەوەبوو، کە لێرەوە چەند گرووپی دیکەی ڕێبازی نەقشبەندی دروستبوون، ڕێبازی خالیدی نەقشبەندی، لەڕێگەی ئەم گرووپانەوە زیاتر بڵاوبوویەوە [14].

لەناو ڕێبازی نەقشبەندیدا هەریەك لە گرووپەکانی(هازنقیلەر(**خەزنەوییەکان**)،مەنزیلی،سلێمان حیلمی توناهان، دەرگاهی نۆرشین، شێخ سەیدا ئەلجەزەری) لە باکووری کوردستان چالاکنو هەرلەو ناوچەیە سەریانهەڵداوە [15].

هەرلەبەر ئەوەی باکووری کوردستان سنووری توێژینەوەکەمانە، زیاتر تیشکدەخەینەسەر کارو چالاکیی ئایینیی و سیاسیی و کۆمەڵایەتیی...هتد ئەو گرووپانەی، کە لە ناوچەکەدا چالاکن و بوونیان هەیە لەوانە:

**- گرووپی هازنەڤیلەر یان خەزنەوییەکان(Hazneviler Grubu):** ئەم گرووپە وەك قوتابخانەیەکی تەسەوفی ڕێبازی نەقشبەندی دەناسرێت وشەی خەزنەوی نازناوی گرووپێکی فراوانو خاوەن هەژموونی شێخایەتییە، ئەم گرووپە وەك بەشێك لە ڕێبازی نەقشبەندی لەلایەن شێخ ئەحمەد خەزنەوی، کە لە(1949کۆچی دوایکردووە)، دامەزرێنراوە. لەدوای خۆی پشتاوپشت و لەڕێگەی نەوەکانییەوە بە وانەی زانستی و تەسەوفی بەردەوامی دراوە بەم گرووپە، بەشێك لەو کەسانەی، کە بەدرێژای مێژوو مۆڵەتی مەلایەتیان لەلای ئەم گرووپە بەدەستهێناوە. وەك گرووپێکی سەربەخۆ لەچوارچێوەی ڕێبازی نەقشبەندی درێژە بەکارەکانی خۆیان دەدەن. لەپاش کۆچی دوای شێخ محەمەد لە 2006دا، گرووپی خەزنەوی لەلایەن شێخ محەمەد موتا(Şeyh Muhammed Muta)ی کوڕی بەڕێوەدەبرێت، شێخ محەمەد موتا خوێندنی لە مەدرەسە ئیسلامییەکان لە تەل مەعرووف تەواوکردوەو لەلای شێخ محەمەدی باوکی پەروەردە بووەو پاش مردنی باوکی گرووپی خەزنەوی بەڕێوەدەبات، لەهەمانکاتدا شێخ عیزەدین(Şeyh Izzeddin) وەکو یەکێك لە شێخە کاریگەر و چالاکەکانی ئەم گرووپە ڕێچکەی تایبەت بەخۆی هەیە[16].

دیدوبۆچوونەکانی خەزنەوی، پەیوەستی بە ڕێبازی نەقشبەندییەوە بنەمای سەرەکییە. سەرەڕای ئەوە گۆڕانکارییانەی بەسەر ڕێبازو سروتەکانی گرووپە جیاوازەکانی ڕێبازی نەقشبەندیدا هاتووە، بەڵام گرووپی خەزنەوی لەسەر ئەو بنەماو سرووتانە دەڕۆن، کە مەولانا خالیدی نەقشبەندی لە هیندستانەوە خۆی هێناویەتیو پارێزگارییان لێکردووە، ئەو بنەما سەرەکییانە، کە خەزنەوی جەختی لەسەردەکاتەوە لەوانە:(جیانەکردنەوەی یاخود خۆ جیانەکردنەوەی کەسی موسڵمان لە کۆمەڵگە، لانەدان لە هێڵی سەرەکی ئەهلی سوننەتو جەماعەت، بەردەوامیدانو پارێزگاریکردن لە پەروەردەی تەسەوفی، تەمبەڵی نەکردن لە پەرستشو سروتە ئایینیەکاندا، پارێزگاریکردن لە بنەما سەرەکییەکانی ئایین لەبەرامبەر تەوژمی مۆدێرنە)[17].

گرووپی خەزنەوی، خۆی بەدوور دەگرێت لە پەیامی سیاسیو ئەو بابەتانەی گفتوگۆومشتومڕ هەڵدەگرێت، لەهەمانکاتدا هەوڵدەدەن بەوپەڕی توانایانەوە پەیوەست بە یاساو ڕێساو ڕێنماییەکانی دەوڵەت بنو پەیوەندییەکی باشو گونجاویان هەبێت لەگەڵ بەرپرسانی شارەکانو دەوڵەتد ا[18] ، هەروەها ئەم گرووپە خۆی بەدوور دەگرێت لە گوتاری توندوتیژو لەهەمانکاتدا لە رووی نەتەوەییەوە بەهیچ جۆرێك لەگەڵ سیاسەتی پەکەکەدا نییە. ئەم گرووپە لەژێر دروشمی "کۆنەکردنەوەی ماڵی دونیاو بەشدارینەکردن لە سیاسەتدا"، بەردەوامی بەکارو چالاکییەکانی دەدات[19].

گرووپی خەزنەوی، جەخت لەسەر پەروەردەکردنی مرۆڤێکی چالاكو لەخواترس لەسەر مەشرەبی سۆفی دەکاتەوە. ئەم گرووپە جگە لە باکووری کوردستان لە باکووری سوریاو دەوروبەری حەلەب ئەندامو شەیدایانی هەیە. هەرچەندە ناوەندی سەرەکیی ئەم گرووپە دەکەوێتە باکووری کوردستانەوە و خاوەن ئەندامو پشتیوانییە، لەگەڵ ئەوەدا لە شارەکانی(مێرسن، ئادنە، ئیزمیر،...هتد)، بوونی هەیە مەدرەسەی لەم شارانەدا هەیە، خەزنەوی لە تەواوی شاروشارۆچکەکانی باکووری کوردستان مەدرەسەو خانووی هەیە، بەڵام هیچ رادیۆو تەلەفزیۆنێکی نییە، دووگۆڤاری مانگانەی بەناوەکانی زانست( Ilim Dergisi)، و عیرفان(Irfan Dergisi)هەیە[20].

گرووپی خەزنەوی، لەناو تورکیادا کاریان بە سیاسەتەوە نییە، بەڵام لە رۆژئاوای کوردستان رەوشەکە بەجۆرێکی دیکەیە، هەربۆیە محەمەد موشتاق(Muhammed Muştak) وەك کەسێکی شاز بە گوتارێکی سۆفیانەوە لە باکووری سوریا بەشداربووە لە بزووتنەوەی سیاسی کورد، هەروەها کوڕەکەی بەناوی مورشید خەزنەوی پەیوەندی لەگەڵ گرووپی خەزنەوی نییەو یاخود پەیوەندی لەگەڵیان لاوازە لەبەرامبەردا لەلایەن زۆرێك لە گرووپە نەتەوایەتی یاخود نەتەوەپەرستە کوردییەکانی باکووری سوریا ڕێزی زۆرو شایستەی لێدەگیرێت[21].

**- گرووپی مەنزیل Menzil (گرووپی سەمەرقەند/ Semark Cemaati):**

مەنزیل یەکێکە لە گرووپەکانی ڕێبازی نەقشبەندی دامەزرێنەری ئەم ڕێبازە عەبدولکەریم ئیرۆڵ (Abdülkerim Erol(١٩٠٢-١٩٧٢))[22] ، لە گوندی مەنزیلی سەر بە قەزای کاهتا(Kahta) ی سەربە پارێزگای ئادیامان (Adyaman)ی باکووری کوردستان مایەوەو کردییە بنکەی سەرەکیی ڕێبازەکە، دوای خۆی کوڕەکەی محەمەد رەشید ئیرۆڵ(1920-1993) جێگەی گرتەوە لەپاش مردنی ناوبراو براکەی عەبدولباقی ئیرۆڵ بەردەوامی داوە بە گرووپەکە. عەبدولباقی ئیرۆڵ، لە گوندی مەنزیل وەك ناوەندی سەرەکیی گرووپەکە کاروچالاکیی لە تەواوی تورکیا رێکدەخاتو درێژەی پێدەدات[23].

دیدوبۆچوونەکانی گرووپی مەنزیل لەوانە:(خەلیفەت لەم ڕێبازەدا لە دوو رێگەوە دەبێت، یەکەمیان: لەڕێگەی هێماو ئاماژەو خەلیفەت دەدرێت، دووەمیان لەرێگەی ناچاری و پێویستیەوە دەدرێت. ئەوکەسەی، کە ڕێبازی مەنزیل رەتدەکاتەوە یاخود بەشێك لە بۆچوونو سروتەکانی رەتبکاتەوە بە خراپەکار(مونکیر) لەقەڵەم دەدرێتو بە بڕوای ئەم ڕێبازە پێویستە مرۆڤ وەك چۆن لە مەترسیەکی گەورە رادەکات بەوجۆرە لە کەسێك رابکات ئەگەر برای خۆشی بێت، کە خراپەکاری ڕێبازەکە بێت. لەڕێگەی بەندایەتیو تەقواوە خۆشەویستیو پشتیوانی ئیمانێکی عاریف پارچەیەکە لە ئیمان. پێویستە مورید بزانێت و لەدڵیدا دڵنیای تەواوی بۆ دروست بێت، کە هەموو ئەو زانستە خواییانە خەیرو نورانەی، کە پێی گەیشتووە لەسایەی مورشیدەوە رابەرەکەیەوە بەدەستهێناوە، گرنگترین رەفتار بریتیە لە بوونی پەیوەندی(Rabita)، کە بریتییە لە خۆبەستنەوەی مورید بە یەقینی تەواو بە مورشیدێکەوە[24]، رابەری ڕێبازەکە لە پلەیەکی بەرزی نائاسایی تەنانەت بە واتایەکی دیکە(نیوە خودایەکە)، هەرکەسێکی باوەڕدار پێویستە مورشیدە کاملەکەی بدۆزێتەوەو وەك ئەمانەتێکی خوداو پێغەمبەر(د.خ) ببینێت، بەهەموو شێوەیەك خزمەتی بکات...هتد)[25]. لەم گرووپەدا شێخ هۆکاری گرنگە لە نێوان موریدو خودا داوەکارییەکانی مورید

لەلایەن شێخەکەوە پێشکەشی خودا دەکرێتو خودای مەزنیش نزاو پاڕانەوەکانی دۆستەکانی پەسەند دەکات وەریدەگرێت...هتد)[26].

بە تێڕوانین لە دیدوبۆچوونی گرووپی مەنزیل دەردەکەوێت، کە مورشید یاخود رابەری رێبازەکە بەجۆرێك پیرۆزکراوە، کە مورید بەتەواوی وابەستەکراوە بە مورشیدەوە هەرلادان لە فەرمانێکی مورشید بە مانای دەرچوون لە ئایین و رێبازەکەیەو ئەم جۆرە گەورەکردنەی مورشید جۆرێکە لە تاکڕەویو زیادەڕەویکردن، کە مورید ناچار بە ملکەچی و لانەدان لە فەرمایشتەکانی شێخەکەی و مورشیدەکەی دەکات.

چالاکییەکانی گرووپی مەنزیل لە چەند بوارێکدایە لەوانە: لەڕێگەی گرووپی چاپو بڵاوکردنەوەی سەمەرقەند لە چوارچێوەی ئەم گرووپە میدیایەدا هەریەك لە دەزگاکانی تەلەفزیۆنی سەمەرقەند( Semer kand TV ) و رادیۆی 15( Radyo15)، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی هاجەگان، گۆڤاری سەمەرقەند( Semerkand Dergisi)، گۆڤاری سەمەرقەندی منداڵان، گۆڤاری سەمەرقەندی خێزانی، گۆڤاری گەنجی خوێنەر کاروچالاکیی رۆشنبیری و میدیای ئەنجام دەدەن، هەروەها لەڕێگەی دەزگاکانی چاپو بڵاوکردنەوەی خۆیانەوە ژمارەیەکی زۆر کتێبیان چاپو بڵاوکردووەتەوە، کە ناوەڕۆکی هەموو کتێبەکان باسی تەسەوف دەکات، هەروەها ئەم گرووپە دوو کۆمپانیای گەشتیاری تایبەت بە حەجو عەمرەی بەناوەکانی سەمەرشای گەشتیاری(Semerşah Turizm) و ئێرشاهی گەشتیاری( Erşah Turizm) هەیە لە ماوەی کاروچالاکیی و فراوانبونی ئەم گرووپەدا ئەندام و لایەنگرانی و ئەوانەی، کە تازە دێنەناو گرووپەکەوە بەمەبەستی تەوبەکردنو پەشیمانیو لێخۆشبوونی خودا سەردانی گوندی مەنزیل دەکەن، سەرەڕای ئەمانە لە زۆرێك لە وڵاتانی ئەوروپا شوێنی تایبەتییان کردۆتەوە ناویان لێناوە خاناقاو زیکرو بەندایەتی و چالاکیی خۆیان تێدا ئەنجامدەدەن[27].

گرووپی مەنزیل وەك یەکێك لە رەوتەکانی رێبازی نەقشبەندی یەکێکە لەو گرووپانەی، کە زۆرترین شوێنکەوتەی لە باکووری کوردستان هەیە، دامەزرێنەری گرووپەکە خەڵکی شاری(سیرت)ی باکووری کوردستانە ئەمە یەکێکە لە هۆکارەکانی بەهێزی گرووپەکە لەناوچەکەدا. مەنزیل گرووپێکی تەسەوفییە لەم گرووپەدا لەخزمەتی شێخدا(تەوبە، زیکر، ویرد، خەتمە، رابتاو پەیوەندی، وەسیلەو شەفاعەت...هتد) دەکرێت لەهەمانکاتدا بایەخێکی زۆر بە بابەتەکانی خەوبینینو کەراماتو رێزلێنانی خودای و بابەتی غەیبی دەدرێت. ئەو بۆچوونو تێڕوانینانەی ئەم گرووپە هەیەتی لەگەڵ ئیسلامی راستەقینەدا یەکناگرێتەوە، تەنانەت ئەو دیدوبۆچوونانە، کە لە گرووپەکانی دیکەی رێبازی نەقشبەندی و تەسەوفدا زۆری جەختی لەسەرناکرێتەوە لای گرووپی مەنزیل زۆربەتوندی جەختی لەسەردەکرێتەوە، هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە بەزۆری خەڵکێکی سادە شوێنکەوتەی ئەم رێبازەن.

لە سەرەتاکانی سەدەی بیستویەکدا گرووپی مەنزیل هەوڵدەدات لەناو رای گشتی بەتایبەتی چینی بیرۆکراسیدا بەهێز بکرێت، ئەگەر بەم شێوەیە گەشەکردنی گرووپی مەنزیل بەردەوام بێت ئەوا دەکرێت پەل بهاوێت بۆ بوارەکانی دیکەی کۆمەڵگەو دەستبخاتە کاروباری سیاسەتەوەو ئیدارەو دادگاو سوپای ئەو وڵاتەوە. ئەم ترسو ئەگەرە لای پارتی دەسەڵاتداری تورکیاو تەنانەت دەزگای ئەمنیو سیخورییەکانی تورکیا گەڵاڵەبووە بە وردی چاودێری جموجوڵو چالاکییەکان ئەم گرووپە دەکرێت [28].

- گرووپی نۆرشین (Norşin Grubu)( دەرگاهی نۆرشین (Norşin Dergahi):

گرووپی نۆرشین یەکێکە لە گرووپە بەهێزو کاریگەرەکانی رێبازی نەقشبەندی. بنەڕەتی ئەم گرووپە دەگەڕێتەوە بۆ شێخ عەبدولڕەحمان تاگی(Şey Abdulrahman Tagi)(١٨٣٠) لەدایکبووەو، لە نۆرشین، کە گوندێکە سەربە پارێزگای بەتلیس لە باکووری کوردستان لە ١٨٨٦کۆچی دوایی کردووە هەرلەوێ بەخاکسپێدراوە، ئەم گرووپە لە باکووری کوردستانو تەواوی تورکیادا بە یەکێك لە گرووپە بەهێزەکانی رێبازی نەقشبەندی دادەنرێت. شێخی نۆرشین لەم گوندەوە بناغەی رێبازەکەی داناوە پاشان بەهەموو باکووری کوردستانو تورکیادا بڵاوبووەتەوە. زنجیرەی رێبازەکە بریتییە لە سیبخەتوڵلا ئارڤاسی(SibgatulahArvasi)، کە لەڕێگەی سەید تەها(Seyyid Taha)وە، دەگاتەوە بە دامەزرێنەری رێبازی نەقشبەندی. شێخ عەبدولڕەحمان، کە نازناوی سەیدا(Seyda)ی هەیە، لەڕێگەی پێگەیاندنی قوتابیان و ئیجازەپێدان بە نۆزدە خەلیفەو بوونی هەزاران موریدییەوە لە باکووری کوردستان، بەخاوەن هەژموون و یەکێکە لە گرووپە سۆفییە کاریگەرەکانی سەربە رێبازی نەقشبەندی دادانرێت[29]. جیاوازی خاناقای نۆرشین لە خاناقاکانی دیکە دوو پرسی تەواو ڕوون و بەرچاوە. یەکەمیان، هەر لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانییەوە،هەتاوەکو ئێستا نۆرشین هەم خانەقای خەلیفەو موریدانە، هەم مەدرەسەی شەرعی و فقهیە، کە مەلاو گوتارخوێن تیایدا ئیجازە وەردەگرن. واتا نۆرشین لە یەککاتدا رێبازی سۆفیگەرییو مەدرەسەی فیقهی و شەرعییە. کۆکردنەوەی تەسەوف لەگەڵ زانستی فیقهەو شەریعەت، بووتەهۆی بڵاوبوونەوەی خێراو فراوانی رەوتەکە لەناو خەڵکی رەشۆک لە لایەک و خەڵکی زانستخوازو چینە بەرزەکانی کۆمەڵ لە لایەکی دیکەوە[30]. پرسی دووەم پشت بەستووە بە مێژووی سیاسیی نۆرشینیەکان، بەجۆرێک هەڵوێستی سیاسی مێژووی ئەم خاناقایە، هەڵوێستی سیاسی ئێستایانی نەخشاندووە. بەشداریی خاناقای نۆرشین لە جەنگی یەکەمی جیهانی لەپاڵ سوپای عوسمانیی دژ بە روسیا وەک هەڵوێستێکی دڵسۆزانە بۆ دەوڵەتی عوسمانی باسی دەکەن. هاوکات کۆبونەوەو گفتوگۆی شێخ و خەلیفەکانی خانەقای نۆرشین بۆ بەشداری یان بەشدارینەکردن لە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە 1925، وبڕیاردان لەسەر خۆبەدورگرتن لەو پرسە وەک هەڵوێستێکی دڵسۆزانە بۆ دەوڵەتی تورکیای نوێ بە نموونە دەهێننەوە[31] . ئەم هەڵوێستە مێژوویە وایکردووە، کە ئەم خانەقایە بەردەوام ڕوو لە دەوڵەت و پشت لە هەڵوێستی بەرهەڵستکارانەی دژە دەوڵەت بێت، ئەگەر ئەو هەڵوێستە سەر بە نەتەوەی کورد بوبێت. هەربۆیە نۆرشینیەکان لە بەرژەوەندی رەوتی ئیسلامی بە پارێزەری ناسنامەی ئێستای وڵاتی تورکیا هەژماردەکرێن، چونکە لە لایەک جەخت

لەسەر تەسەوف و بابەتی فیقهیو شەرعییەکان دەکاتەوە، لە لایەکی دیکەوە لە بری بابەتی نەتەوەیی و سیاسییو کاروباری رۆژانە بەرگری لە یەکێتی خاكو ئوممەتی تورکی دەکات[32].

سەبارەت بە چالاکیەکانی گرووپی نۆرشین، رێبەری ئەم گرووپە شێخ عەبدولڕەحمان تاگی، هیچ کتێبێکی نوسراوی نەبووە تەنها دانراوێکی بەناوی نامەکان(مەکتوبات/ Mektubat) هەبووە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی تورکی پێکهاتووە لە100 نامەی شێخ عەبدولڕەحمان، لەم نامانەدا بابەتەکانی تەسەوف، رێبازی نەقشبەندی ئادابەکانی، بابەتە فیقهییەکانو بابەتە ئەخلاقییەکان باسکراوە، کە ئەم نامانە بۆ خەلیفەکانی شێخ عەبدولڕحمان خۆیو خەلیفەکانی باپیریو زانایانی دیکەی ناوچەکەو دەوروبەری بە زمانی عەرەبی نێدراون. ئەم گرووپە بەراورد بە رابردوویان رۆژ بە رۆژ روویان لە کەمی کردووەو چالاکیی ئەوتۆیان نییە[33].

گرووپی نۆرشین بە تەنها گرووپێکی تەسەوفی نییەو، بەڵکو لەهەمانکاتدا جێگایەکە بۆ پەروەردەی بابەتە فیقهیو شەرعیەکانو چەندین مەدرەسەی تایبەت بەو بوارەیان هەیەو، هەتاوەکو ئێستا لەلایەن خێزانو بنەماڵەی نۆرشینەوە بەڕێوەدەبرێنو چوارجۆری جیاواز مەدرەسەی هەیەو لە چالاکییەکانی بەردەوامە. شێخانی نۆرشین لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیی و پاشترو سەردەمی کۆماری تورکیا و دوای داخستنی مەدرەسە شەرعیو ئایینیەکان رۆڵێکی کاریگەرو یەکلاکەرەوەیان گێڕاوە لەو بوارانەدا. لە نۆرشین لە یەککاتدا رێبازی سۆفیگەرییو مەدرەسەی فیقهیوشەرعیی بوونی هەیە. ئەم شێوازە لە بانگەوازی ئایینی، کە تەسەوفو فیقهەو شەریعەتی پێکەوە کۆکردووەتەوە، بووتەهۆی بڵاوبوونەوەی خێراو فراوانی رەوتەکە لە بواری ئیعجازاتو ئادابی گشتیو لەهەمانکاتدا بەهۆی پێکەوەی ئەو بابەتانە بەیەکەوە ئەو کەسانەی لەم مەدرەسانەدا پەروەردە دەبن و پەروەردەی تەسەوفیو فیقهیو شەرعی وەردەگرن لە یەککاتدا زۆر بەکەمی دەکەونە ژێر کاریگەری پەیامی گرووپە ئایدۆلۆژییە نەتەوەپەرستەکانەوە. مانەوەی گرووپی نۆرشین بەم شێوەیە لە بەرژەوەندی رەوتی ئیسلامییو خەڵکییە[34].

بە تێڕوانیین لە گرووپی نۆرشین، دەردەکەوێت هەرچەندە دامەزرێنەرو شوێنی بڵاوبوونەوەی لە باکووری کوردستان بووە، بەڵام لە ناوچەکەدا رۆڵی سیاسی نەبووە. شوێنکەوتوانی ئەم گرووپە زیاتر سەرقالی بوارەکانی پەروردە فیقهە بوون، هەربۆیە تەنها لە روانگە ئیسلامیی و سۆفیگەرییەکەوە کاریگرییان هەبووە لەسەر راکێشانی ئەو کەسانەی، کە خاوەن مەیلێکی ئیسلامی بوون.

**- گرووپی شێخ سەیدا ئەلجەزەری(Şey Seda El-cezeri)**[35]: ئەم گرووپە وەك گرووپی شێخ سەیدا ئەلجەزەری، کە لەدایکبووی جەزیرەی سەر بە باکووری کوردستانە دەناسرێت، شێخ سەیدا بە ئامانجی ئەلقەو مەیدانو چوارچێوەی کاروچالاکییەکانی رێبازەکەی فراوانکردووە جگە لە کوڕەکانی خۆی مۆڵەتی خەلیفایەتی بە 32 کەسی دیکە بەخشیوە. پاش کۆچی شێخ سەیدا کوڕەکەی بەناوی محەمەد نورڵڵا شێخ سەیدا سەرپەرشتی خاناقا و رێبازو مەدرەسەی شێخ سەیدای کردووە. محەمەد نورڵڵا بەهۆی زانستو ئەدەبو تەسەوفەکەیەوە بە پلەکانی تەسەوف و رێبازەکەدا سەرکەوتووە و بەرزبووەتەوە، ناوبراو سیانزدە دانراوی لەژێر ناونیشانی نامەکان یاخود پەیامەکان(Risaleler) نووسیوە. محەمەد نورڵڵا لە 1985 لە تەمەنی 37 ساڵیدا بە رووداوی هاتوچۆ کۆچی دوای دەکات و پاشان گرووپەکە لەلایەن شێخ عومەر فاروقەوە بەڕێوەدەبرێت[36].

گرووپی سەیدا ئەلجەزەری لە رێبازدا شوێنکەوتەی رێبازی نەقشبەندییەو لە مەزهەبدا پەیڕەوی لە مەزهەبی شافیعی دەکات. ئەم گرووپە هەوڵدەدات لەسەر رەوتی رێبازی سۆفیو مەدرەسەکانی بەردەوام بێت پارێزگاری لەو کەلتوورە ئیسلامییە بەشێوازی سۆفیگەری رێبازی نەقشبەندی و مەدرەسە بکاتو بەردەوامی پێبدات. گرووپی شێخ سەیدا وەك ناوبانگیو رێبازو سۆفیگەرییو مەدرەسە شەرعییەکانییەوە، هەروەها بەهۆی خزمەتە بەردەوامەکانییەوە لە جەزیرەو ناوچەکەدا بەیەکێك لە گرووپە دیارەکانی رێبازی نەقشبەندی دادەنرێت. بەهۆی ئەو قوتابیانەی، کە پەروەردەی کردوونو ئەو خەلیفانەی مۆڵەتی پێداون و ئەرکی پێسپاردون بۆ خزمەتو بەردەوامیدان بە رێبازو وانەکان بووەتەهۆی ئەوەی لە ناوچەکانی دەوروبەری جەزیرە خاوەن ئەندامو لایەنگریو پشتیوانییەکی زۆربێت جگە لەمانە رۆڵو کاریگەریی شێخ سەیدا لە هیدایەتدانی گرووپە مەسیحییەکانی ناوچەکەو لەهەمانکاتدا رێگری لەو هێرشو پەلاماردانەی کراونەتەسەر ئەو گرووپانە جێگەی رێزو سوپاس بووە لەلایەن ئەو گرووپە مەسیحیو کۆمەڵگەوە. ئەو بیروبۆچوونانەی، کە گرووپەکە هەیبووە، هەتاوەکو ئەمڕۆ بە جێگیری ماوەتەوە لە روانگەی سیاسییەوە، هەرلەسەرەتاوە پشتیوانی ئەو پارتانە بوون، کە خاوەن سیاسەتێکی پارێزکارو ئیسلامی بوون. شێخ عومەر فاروق سەرکردەی گرووپەکە لە ئەستەنبوڵو بورسەو جەزیرە بەردەوامە لە کاری ئیرشادیو لەگەڵ ئەوەدا ئەوانەی، کە لە بنەماڵەو خێزانی شێخ سەیدا لە جەزیرە ماونەتەوە لە روانگەی کۆمەڵایەتیو عەشایەرییەوە بەردەوامن لە میوانداریو خزمەتی خەڵکی، هەروەها ئەم گرووپە لە گەڵ کاری ئیرشادی لەڕێگەی مەدرەسەکانییەوە لە کاری زانستیو وانەی ئایینی بەردەوامە[37].

گرووپی سەیدا ئەلجەزەری چەندین چالاکیی جیاواز ئەنجامداوە لەوانە:(لە هەریەك لە شارەکانی ئەستەنبوڵ، باڵك ئیسیر، بۆلۆ، ئەنتالیاو غازی عەنتاب ...هتد خانوویان بۆ خوێندکارانی بەشی شەریعە لە زانکۆ و قوتابخانە ئایینیەکان گرتووە، ئەو خانوانە وەك بەشە ناوخۆییەکی بچووك وایە وەك پشتگیری و بەهێزکردنی وانەکانی زانکۆ یاخود قوتابخانەیان پێدەڵێنەوە و بۆیان دووبارە دەکەنەوە، لەڕێگەی خەلیفەکان(وەکیلەکان)و نوێنەرەکانەوە چالاکیی و مەدرەسەو دەرسەکانیان لە شارەکانی وەك: بورسا، ئادیامان، دیاربەکر، ماردین و ئورفا بەردەوامی پێدەدرێت، هەندێك لە کتێبەکانی محەمەد نورڵڵا سەیدا چاپوبڵاودەکەنەوە، لەڕێگەی شوێنکەوتوانی ئەم گرووپەوە هەوڵدەدرێت لەمەیدانی ئەکادیمیدا و بەشێوەیەکی ئەکادیمی توێژینەوەی لەسەر بکرێت، هەروەها دیدوبۆچوونو ئامۆژگارییەکانی رابەری گرووپەکە شێخ عومەر فاروق

زیاتر لەرێگەی دەرسەکانەوە سوهبەت(Sohbet)* بڵاودەکرێتەوە بەشێکی گوتارەکانی ناوبراو لە ئینتەرنێت بڵاودەکرێتەوە)[38].

لەرێگەی گوتار و سوهبەتەوە موریدانی رێبازەکە کۆدەکرێتەوە پەیوەندی نێوانیان بەم هۆیەوە نوێو توند دەبێتەوە، هەروەها پەروەردەی تەسەوفی بەردەوامی پێدەدەن، هەربۆیە سوهبەت بە یەکێك لە بەشە سەرەکییەکانی کاروچالاکیی ئەم گرووپە دادەنرێت [39].

**- گرووپی سلێمان حیلمی توناهان (Süleman Hilmi Tünahan)[40]:**

گرووپی سولەیمانییە یەکێکە لە گرووپەکانی رێبازی نەقشبەندی بەناوی دامەزرێنەرەکەی سولەیمان حیلمی توناهان(1888- 1959)ناونراوە، کە بە شێخێکی تازەکەرەوە(مجدیدی) رێبازی نەقشبەندی ناسراو ە[41] . ئەم گرووپە پاش مردنی سولەیمان حیلمی، لەلایەن کەمال قاجار(١٩١٧ لە ئەسکی شەهر لەدایکبووە)ی زاوایەوە سەرکردایەتی گرووپەکە کراوە، گرووپی سولەیمانییەکان لەپاش ئەو کۆچەی لە 1961 لە تورکیاوە بەرەو ئەڵمانیاو ئەوروپا سەریهەڵدا، یەکەم گرووپ بوون هەوڵیانداوە لەرێگەی کردنەوەی(ناوەندەکانی کولتووری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات، ئایینی ئیسلام بگەیەننە دەرەوەی تورکیا[42].

گرووپی سولەیمانییە بەوە ناسراوە، کە پەیوەندییان بە سیاسەتەوە بەهێزەو بەپێی بارودۆخی وڵاتو بەهێزی پارتە سیاسییەکان بەردەوام پەرلەمانتارو بەرپرسیان لەناو کابینەکانی حکومەتی تورکیادا هەبووە. پاش مردنی کەمال قاجار لە 2000دا کورەکەی عارف ئەحمەد دەنیز ئۆلگوین (Arif Ahmet Denizolgun)، کە( ١٩٥٦ لە ئەستەنبوڵ لەدایکبووە) کراوە بە رابەری گرووپەکە[43].

گرنگترین جیاوازی رێبازی سلێمانی لەگەڵ گرووپەکانی دیکەدا پیادەکردنی رێبازی بیرکردنەوەو بەکارهێنانی رێورەسمی پیرۆزکردنی توناهانە، ناوبراو لە باوكو باپیرییەوە پەروەردەی خانەوادەیەکی سۆفیگەرەو لە بواری سۆفیگەریدا راوبۆچوونی خۆی هەیە، کە جەختی لەسەرکردۆتەوەو فێری شاگردەکانی کردووە، توناهان باوەڕی وایە، کە(ئامانجی پەیوەست لە سۆفیگەریدا دروستکردنی پەیوەندییە، واتە شوێنکەوتووی دەبێت هەمیشە لە دەوری حەزرەتی یەزدانیدا بێت، چونکە شوێنکەوتوو پێش هەموو شتێك پەیوەندی بە رابەری گەورەوە هەیەو لەرێگەی ئەوەوە بە پێغەمبەر(د.خ)و لەرێگەی پێغەمبەرەوە(د.خ) بە خوا دەگات)، هەربۆیە رێبازی سولەیمانییە پێیوایە، کە مرۆڤ خۆی بە تەنها ناتوانێت پەیوەندی لەگەڵ خودا ببەستێت، بەڵکو بۆ ئەم مەبەستە پێویستی بە ناوەندو رەبتێك هەیە ئەو کەسە بریتییە لە سلێمان حیلمی توناهانو رابەرو دامەزرێنەری گرووپەکە، سەرەڕای مردنی توناهان شوێنکەوتوانی ناوبراو بە پەیوەستی نێوان خۆیانو خودا و هۆکاری پەیوەندییان بەخوداوە دەزانن[44]، هەروەها بڕوایان وایە، کە توناهان لە رووی پایەی ئیمانییەوە خاتەمەو پەیامبەر(ئەنبیا)یە، هەروەها لەو باوەڕەدان توناهان لە مزگەوتی فاتیح لە ئەستەنبوڵەوە ئیدارەی گرووپەکە دەکات، هەرکەسێك پەیوەندی بە سولەیمانەوە بکات و لەهەرشوێنێك بێت چاوی دابخاتو بەدڵ و رۆح بڕوات بۆ مزگەوتی فاتیح لەوێ پەیوەست بێت بە سوڵتانەوە ئەوا راستەوخۆ بۆ بەهەشت دەڕوات. رەزامەندی خودا پەیوەستە بە رەزامەندی توناهان، هەرکەسێك ئەم پەیوەستەی بۆ دروست بێت و پاشان ئەم نهێنییە ئاشکرا بکات کافر دەبێت و کوشتنی پێویستە. شوێنکەوتوانی ئەم گرووپە دژی ئەو کەسانەن نهێنی گرووپەکە ئاشکرا دەکەنو سوێندێکی تایبەت بە گرووپەکە هەیەو شوێنکەوتوانی زۆر حەزەر لە سوێندخواردن بەو سوێندە دەکەن بۆ سەلماندنی بابەتێکی زۆر جدی و راستودروست ئەو بابەتە بەو سوێندە یەکدی سوێند دەدەنو دڵنیای دەدەنەوە بە یەکدی[45] .

گرووپی سولەیمانی بەهۆی داخراوییەوەو هێشتنەوەی زانیاریو بۆچوونەکانیان لەناوخۆیاندا بەنهێنی و ئاشکرانەکردنی بۆ کەسانی دەرەکی کەمترین زانیاری لەسەر بۆچوون شێوازی کارو هەڵسوکەوتی ئەم گرووپە دەزانرێت، هەرچەندە لەلایەن ئەم گرووپەوە دوو گۆڤار بەناوەکانی حەوت کیشوەر(Yeti KitaDergisi)و گۆڤاری مێژوو، مرۆڤ و ژیار( Tarih,Insan ve Hayat Dergisi) بڵاودەکردەوە، بەڵام بە هیچ جۆرێك بۆچوون و تێڕوانینە سەرکییەکانی گرووپەکە لەم گۆڤارانەدا بڵاوناکرێتەوە [46].

موریدانی رێبازی سولەیمانیە لە دوای ئەو مەلایانە یاخود ئەو کەسانەوە نوێژ ناکەن، کە سەربە رێبازەکەی خۆیان نین. بە بڕوای کەمال قاجار، تورکیا وڵاتێکی ئیسلامی نییە، هەرلەبەر ئەوەیە ئەگەر موسڵمانێك، فایزە لە کەسانی ناموسڵمان وەربگرێت ئاساییە، هەروەها کەمال قاجار پێیوایە دەکرێت فاییزە لە بانقەکان* وەربگیرێت، بەو پێیەی بانقەکان دامەزراوەیەکە دامەزراوەش موسڵمان نییە، کەواتە ئاساییە فاییزە لەو بانقانە وەربگیرێت، هەربۆیە شوێنکەوتوانی رێبازی سولەیمانییە مامەڵەیان لەگەڵ بانقەکاندا ئاساییە[47].

گرووپی سولەیمانییە، زۆر بایەخ بە حەجو عەمرە نادەن و پێیانوایە پێویستە ئەو پارەیەی لە حەجو عەمرەدا خەرج دەکەن، بکرێت بەخێر بۆ دابینکردنی ئاشتی کۆمەڵایەتیو یارمەتی کۆمەڵایەتی بەکاربهێنرێت. ئەو کەسانەی شوێنکەوتەی ئەم گرووپەن لەهەمانکاتدا لەناو سەرۆکایەتی کاروباری ئایینی تورکیا، کە ئەم سەرۆکایەتییە لە ئاستی وەزارەتێکدا رەوتێکی تایبەتیان دروستکردووە هەندێکجار بەشێك لە پرۆژە و خولو چالاکییەکانی ئەم سەرۆکایەتییە لە بەرژەوەندی و بەپێی بۆچوونو رەزامەندی گرووپەکەیان ئەنجامدەدەن[48]، هەربۆیە دەوڵەتی تورکیا ترسی هەیە لەم گرووپەو گەیشتوەتە ئاستێك لە هەندێك کاتو شوێندا دەوڵەت توانای کۆنترۆڵکردنی ئەو کەسانەی نەماوە، کە لە پلەی بەرزدا بەرپرسیارێتی حکومەتیان هەیەو شوێنکەوتەی ئەم گرووپەن. کاریگەری ئەم گرووپە بە جۆرێکە کاتێك سەرۆکایەتی کاروباری ئایینەکان تایار ئاڵتی کولاج، لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا باسی لەوە کردووە، کە لە ئەرشیفی سەرۆکایەتی کاروباری ئایینییەکان، لە پرۆگرامی خولی هاوینەی ئیسلامیی و قورئانی چەند دەستەواژەیەك بینراوە لەوانە:(کارمەندو پیاوانی ئایینی دەوڵەت سەربازی سوپای دەجالن. گرووپی سولەیمانییەکان رۆژێك دێت دەبن بە فەرمانڕەوا، ئەو کەسانەی، کە سەربە گرووپی سولەیمانییەکان

نین لەناودەبرێن)، هەروەها بەپێی بەیاننامەیەکی حیلمی تورکمان، کە ئەندامی پەرلەمانی تورکیا بوو لەهەمانکاتدا بەرپرسی پارێزگاکانی باکووری کوردستانو گرووپی سولەیمانییە بووە هاتووە:"کەمال قاجار حەزرەتی عیسایە، کە چاوەڕێدەکرێت پێش هاتنی حەزرەتی مەهدی ئەو بێت"[49].

گرووپی سولەیمانییە چەندین چالاکیی هەیەو لەوانە: بەشی ناوخۆی و دەزگای پەروەردەی تایبەتی سولەیمانییە و خولی فێرکردنی قورئانیان هەیە، قوتابخانەو خولە پەروەردەیو بەشە ناوخۆییەکانی ئەم گرووپە لەلایەن خەڵکیو شوێنکەوتووی ڕێبازەکەو ئەو کۆمپانیاو کارگانەی گرووپەکەوە بودجەو لایەنی داراییان دابین دەکرێت، هەروەها ئەم گرووپە لەڕێگەی بەکارهێنانی پلەوپۆستی کەسە نزیکەکانیان لە سەرۆکایەتی کاروبارە ئایینیەکان بە بەکارهێنانی ناوی ئەو دامەزراوەیەوە پارەو هاوکاری کۆدەکەنەوە، لە مەراسیمی بەخاکسپاردنو پرسەدا بە پارە قورئان دەخوێننەوەو، لە ڕۆژو شەوە پیرۆزەکانی ساڵو یادو بۆنە تایبەتەکانی ئیسلامدا ئەم گرووپە لەڕێگەی وانەی تایبەتو کۆڕو مەولودنامەو زیکر خوێندنو تەزبیحاتەوە هەوڵدەدەن بەزۆرترین خەڵك بگەنو پەیامەکانیان ڕابگەیەنن بە هاوڵاتیان. گرووپی سولەیمانییە لەکاتێکدا لە دەرەوەی تورکیا لەژێر چەتری ناوەندەکانی کولتووری ئیسلامیی( Islam Kaltor Merkesleri) چالاکییو کارەکانیان ئەنجامدەدەن، لەهەمانکاتدا لەدژی هەنگاوێکی سەرۆکایەتی کاروباری ئایینیەکانی تورکیا بوو کاتێك ویستی(یەکێتی ئیسلامی تورکی کاروباری ئایینیەکان / Diyanet Isleri Türk Birliği (DITIB –)) ڕابگەیەنێت. گرووپی سولەیمانییە( یەکێتی ئیسلامیی تورکی کاروباری ئایینیەکانی)ی تۆمەتبارکردووە بەوەی، کە هەوڵێکە بۆ ڕێگری لەسەربەخۆیو گەشەسەندنی گرووپە ئیسلامییە - تورکییەکان لەدەرەوەی تورکیاو لەهەمانکاتدا ئەو یەکێتییە دەبێتە ئامرازێك بۆ دەستخستنەناو کاروباری ناوخۆی وڵاتانی جیهان لەلایەن تورکیاوە. گرووپی سولەیمانییە ڕۆژمێرێکی تایبەتیان بەناوی ڕۆژمێری فەزیلەت( Fazilet Takvimi) دەرکردووە، کە ئەم ڕۆژمێرە کاتەکانی نوێژ جیاوازە و لەگەڵ ئەو ڕۆژمێرەی لەلایەن سەرۆکایەتی کاروباری ئایینیەکانی تورکیاوە دەریکردووە، بەمەش ڕاڕاییو دڵەڕاوکێ لای هاوڵاتیان دروستکردووە نازانرێت بە کامیان بڕوا بکەن[50].

سلێمانییە، گرووپێکە بە چەندین تایبەتمەندی و نیشانەی جیاوازو سەیر لە گرووپەکانی دیکە جیادەکرێتەوە لە کۆی تایبەتمەندی و چالاکییەوە دەردەکەوێت، کە بەگشتی تێڕوانینێکی ڕەخنەییان بۆ کۆی گرووپە ئیسلامییەکانو تەنانەت دامەزراوەکانی دەوڵەت ئەوانەی کاروباری ئایینیو ئیسلامی ڕێکدەخەنو سەرپەرشتی دەکەن هەیە، هەروەها بەرامبەر سەرۆکایەتی کاروبارەکانی ئایینی تورکیا سەرەڕای بوونی ژمارەیەکی زۆر کارمەندو بەرپرسی لەم دامەزراوەیەدا، کە هاوکات شوێنکەوتەی ئەم گرووپەن، بەڵام گرووپەکە بە توندی دژی زۆربەی کارو چالاکییەکانی ئەو دامەزراوەیەی حکومەتە، ئەم گرووپە جگە لەوەی خاوەنی کۆمەڵێك بیروبۆچوونە، کە لە ئیسلامدا بوونی نییە وادیارە ئەو زانیاریو بۆچوونانەی ئەم گرووپە بڵاویدەکاتەوە زۆر جێی بایەخن، چونکە چ لە تورکیادا بێت یان لەدەرەوە ئەو وڵاتە پێگەیەکی بەهێزی هەیە[51].

گرووپی سولەیمانییە هەرلەسەرەتای دامەزراندنییەوە سەروسەودای لەگەڵ سیاسەتدا هەبووەو بەهێزە. بەدرێژای هەڵبژاردنەکانی تورکیا بەردەوام پشتیوانی بەرەی ناوەندی/ ڕاستڕەو ئیسلامی بووە لە تورکیا و لەم چوارچێوەیەدا یان ناڕاستەوخۆ کاندیدیان لەو پارتانەدا هەبووە یاخود ڕابەری ئەم گرووپە شوێنکەوتوانی ئاڕاستەکردووە بۆ پشتیوانی کاندیدێك لە پارتەکەدا. ئەم گرووپە بەردەوام پەرلەمانتاریان لە پەرلەمانی تورکیادا هەبووە، بەڵگەش بۆ ئەوە ڕابەری گرووپەکە کەمال قاجار لە خولەکانی(1965،1969،1977)ی پەرلەمان ئەندام پەرلەمان بووە، هەروەها حیلمی تورکمان لە خولەکانی(1969،1973)ی پەرلەماندا عەلی ئاك(Ali Ak) لە خولی 1977ی پەرلەماندا وەك پەرلەمانتار هەڵبژێردراون، هەروەها ئەحمەد عارف، کە کچەزای سولەیمان حیلمی توناهانو کوڕی کەمال قاجار لە هەڵبژاردنی 1995 وەك پەرلەمانتار هەڵبژێراوە لە(1998-1999)بۆ ماوەی ساڵێك وەك کەسێکی سەربەخۆ بووە بە وەزیری گواستنەوەو گەیاندن لە حکومەتی تورکیادا[52]. پەیوەندییەکانی ئەم گرووپە لەگەڵ سیاسەتو دەوڵەتدا جێگای سەرنجە، حیلمی تورکمان، کە لە ماوەی دوو خولدا ئەندام پەرلەمان بووە و لە هەمانکاتدا بەرپرسی پارێزگاکانی باکووری کوردستانی ئەم گرووپە بووە، پاش جیابوونەوەی لە گرووپەکە باسی لەوە کردووە:(کە بەشێك لە ئەندامانی ئەم گرووپە لە دامەزراوە جیاوازەکانی دەوڵەتدا فەرمانبەرو تەنانەت بەرپرسن، لەگەڵ بەجێهێنانی ئەرکی تەسەوفی خۆیاندا کاری سەرەکیان بۆ ئەم گرووپە بریتیبووە لە هەوڵدان بۆ دەستبەسەراگرتنی دەوڵەتو دروستکردنی فەرمانڕەوایەتیەك بۆخۆیان دەوڵەتی قووڵیان لەناو دەوڵەتی تورکیادا دروستکردووە)، بە گوتەی تورکمان ئەندامانی ئەم گرووپە بەجۆرێك بە نهێنی ڕێکخراون ئەوانەی، کە بەتەواوی بڕوایان بە بەرنامەکانی ئەم گرووپە نەبێت هیچ نهێنییەکی لا باس ناکرێت[53].

ئاستی کاریگەریی گرووپی سولەیمانییە بەرادەیەکە، کە گومان دەکرێت دەزگا سیخورییەکانی وڵاتانی جیهان ڕۆشتبنە ناو ئەم گرووپەوە، تەنانەت دەزگای(ڕێکخستنی سیخوری نەتەوەی(Milli istihbarat /MiT Teşkilati))، بە ڕوونی لە ڕاپۆرتەکانیاندا بۆ سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا مەترسی خۆی لەم گرووپە نەشاردووتەوە تەنانەت پێشبینی ئەوەی کردووە ئەگەر ڕێگری لەم گرووپە نەکرێت و سنوورێك بۆ چالاکییەکانی دانەنرێت ئەوا جارێکی دیکە فەتۆیەك(Feto)[*] ی دیکە لە تورکیا دروست دەبێتەوە. مستەفا ئاك یڵدز، کە بە ئیمام کۆزان ناسراوە پاش ئەوەی ماوەیەکی زۆر وەك وەقفو خزمەتکار تەمەنی لەم گرووپەدا بەسەر بردووە، دوای جیابوونەوە هاتنەدەرەوەی لە گرووپەکە بابەتو زانیاریی سەیر دەربارەی ئەو گرووپە باس دەکات تەنانەت باس لەوەدەکرێت لە ئاستی ناوچە یاخود هەرێمەکانی تورکیادا ڕێکخستنێکی وردو گرنگ شێوەی سەربازیی ئاسا لەم گرووپەدا پەیڕەوی لێدەکرێت، کە پێیدەگوترێت(Kolorüd Kumandanliği)، بەو مانایەی ئەو فەرمانانەی لەسەرەوە دەردەکرێت بێ

چەندوچوونو پرسیارکردن وەك خۆی جێبەجێدەکرێت، بەڵام لێرەدا پەیوەندی بەرپرسو کارمەند پەیوەندییەکی خۆویستو ئارەزومەندانەیەو کەسانی خوارەوە بە ویستی خۆیان بە خۆشحاڵییەوە فەرمانەکانی سەرووی خۆیان دەستبەجێو بێ دڵەڕاوکێ جێبەجێدەکەن. گرووپی سولەیمانییە لەبەر دیدوبۆچوونەکانیو سیاسەتەکانی کێشەی گەورەی لەگەڵ حکومەتی تورکیاو ئاکەپەی دەسەڵاتداردا هەیە[54]. سەرکردەیەکی سوپای تورکیا لەهەمانکاتدا کاری پارێزەری کردووە بەناوی خەیروڵڵا کاردەنیز(Hayrallah Karadeniz)، کە هاوڕێی نزیکی کەمال قاجار بووە باس لەوە دەکات، کە ماوەی بیست ساڵە گرووپی سولەیمانییەکان لەلایەن هێزە قوڵەکان(Derin Güçler)* کۆنترۆڵ کراوە، خەیروڵڵا باسی لەوە کردووە کاتێك دوای کودەتای 1980ی سوپای تورکیا بەسەر حکومەتدا، کەمال قاجار لەگەڵ هاوڕێیەکی دەستگیر دەکرێت لە زینداندا، دەزگای سیخوری تورکیا(Mit)، کەمال ناچار دەکات لەنێوان دوو بژاردەدا یەکێکیان هەڵبژێرێت یان کەمال قاجار و شانزدە هاوڕێی لەناودەبرێنو دەستدەگیرێت بەسەر تەواوی ماڵو سامانی گرووپەکەدا یاخود دەچێتە ژێر فەرمانی سوپای ئەو وڵاتەوە، کەمال بژاردەی دووەم هەڵدەبژێرێتو لەگەڵ کردنەوەی دەرگاکان بەسەریدا برێکی زۆر پارە وەردەگرێت، بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نییە، کە کەمال و گرووپەکەی کار بۆ حکومەتی تورکیا بکەن، بەڵکو ئەمانە کار بۆ سوپای تورکیا دەکەن، لەهەرسات و کاتێکدا بێت دەکرێت سوپای تورکیا لەڕێگەی ئەم جۆرە گرووپانەوە دەست بەسەر حکومەتدا بگرێت. خەیروڵڵا باس لەوە دەکات، کە بە دانپێدانانی خۆی کەمال قاجار باسی لەوە کردووە، کە(سولەیمانییەکان لەلایەن دەزگای سیخوری ئەمریکا(CIA) بەڕێوە دەبرێتو پشتیوانی دەکرێت و پلانی بۆ دادەنرێت)[55].

بەتێڕوانین لە گرووپی سولەیمانییە، هەرچەندە ناوەندو دامەزرێنەری گرووپەکە لە باکووری کوردستان نەبووە، بەڵام بەهۆی تێکەڵبوونیان بە سیاسەت و بوونی ئەندام پەرلەمانیان لە حکومەتە جیاوازەکانی تورکیادا،ئەم گرووپە هەمیشە هەوڵیداوە لە شارە جیاوازەکانی باکووری کوردستان، بەتایبەت لەنێو ئەوکەسانەی کە خاوەن مەیلێکی ئیسلامی کونەپارێزن زۆرترین دەنگ بەدەستبهێنن، هەربۆیە سولەیمانییە، لە هەندێک شارە جیاوازەکانی کوردستان بنکەو بارەگایان دامەزراند و تاڕادەیەک هەندێک خەڵکی ناوچەکەش بوونە شوێنکەوتەیان.

**2- تەوەری دووەم: ڕێبازی خەڵوەتی (Halvettiler) ، ئەم ڕێبازە دوو گرووپی هەیە، کە بریتین لە:( گرووپی ئوشاقیە( Uşşakiyy Grubu)، گرووپی جەڕاحیە (Cerrihıyy Grubu)).**

دامەزرێنەری ڕێبازی خەڵوەتی عومەر ئەڵخەڵوەتی(Ömer El -Halveti)یە. ئەم ڕێبازە بەربڵاوترین ڕێبازە لە جیهانو تورکیادا. ڕێبازی خەڵوەتی لە دوای داخستنی تەکیەو مەدرەسەکان لە 1924 بەدواوە بەنهێنی و هەندێکجار بەئاشکرا زیکرو ویردو مەراسیم و سروتەکانیان بەردەوامی پێداوە، جگە لە باکووری کوردستانو تورکیا چەندین باڵ و گرووپی دیکەی سەر بەم ڕێبازە لە سوریاو میسر و وڵاتانی بەڵقانو باکووری ئەفریقیا چالاکن. پاش دامەزراندنی کۆماری تورکیا ڕێبازی خەڵوەتی لە ڕێگەی هەریەك لە باڵەکانی، ئوشاقیەو جەڕاحیە بەردەوامە لە چالاکییەکانی. باڵی ئوشاقییە حەسەن حسامەدین ئەلبوخاری ئوشاقیە( Hasan Hüsamttin El - Buhri EL-uşşaki)،( ٨٨٠ لە بوخارا لەدایکبووە)دایمەزراندووە[56] ، هەروەها باڵی جەڕاحیەی خەڵوەتی لە ئەستەنبوڵ لە دەرگای ناوەند( Merkez Dergahi)، لە 1703 دامەزێنراوە، هەتاوەکو داخستنی مەدرەسەو خانەقا و تەکییەکان لە تورکیادا لە چەندین ناوچەی ئەستەنبوڵدا تەکیەی جەڕاحییە بوونی هەبووە، ئەم گرووپە لەڕێگەی ئیبراهیم فەخرەدین ئەفەندیو خەلیفەکانی موزەفەر ئۆزاڵو سەفەرداڵ بەردەوامی پێدراوە لەپاش داخستنی مەدرەسەکان ئیبراهیم فەخرەدین بەردەوامی بە مەدرەسەی جەڕاحی داوە ئیبراهیم لە 1964 خەلیفایەتی بە موزەفەر ئۆزاڵ دەبەخشێتو لە 1965 کۆچی دوایی دەکات. لەسەردەمی خەلیفایەتی موزەفەر( 1965- 1985) ، باڵی ڕێبازی جەڕاحییە کرانەوەی بەخۆیەوە بینی و لەڕێگەی نووسراو گوتارەکانی شێخەوە ئەم تەوژمە، هەتاوەکو ئەمریکا پەرەی سەندو فراوانبوو، لە ئەمریکاو ئەوروپا تەکیەی کرایەوە، پاشان لە 1985 سەفەر داڵ(Sefer Dal) جێگای موزەفەری گرتەوە، هەتاوەکو 1999 لە خەلیفایەتی بەردەوامبوو، لەپاش ناوبراو عومە تورگوڵ ئینانچ(Ömer Turgul Inanç) وەك خەلیفەی ئەم گرووپە درێژەی بە ڕێبازەکە داوە[57].

ئامانجی سەرەکی باڵی جەڕاحیەو ئوشاق بەگشتی پەروەردەو تەزکییەی نەفسی مرۆڤە لە ڕێگەی ئەو زیکرو ویردانەی، کە دیاریان کردووەو لە مەدرەسەو تەکیەکاندا پەیڕەوی لێدەکەن، لەگەڵ ئەوەدا باڵی جەڕاحییە زیاتر لەلایەن ئەو چینو توێژانەی، کە ئاستی پەروەردەو کولتووری ڕۆشنبیرییان بەرزە پەسەندکراوە، هەروەها باڵی ئوشاقی زیاتر لەلایەن چینی ناوەند و خەڵکانی سادەوە پەسەندکراوە لەڕوانگەی تەسەوفیانەوە موسیقا خاوەن پێگەیەکی گرنگو بەرزە لایان[58]. رابەری گرووپی جەڕاحییە عومەر تورگوڵ، لەگەڵ پرۆگرامو دەرسو بەرنامەکانی تەکیەی خۆیدا بەشداریی هەندێك بەرنامەی تەلەڤزیۆنی دەکات، هەروەها بەشداریی ئەو کۆنفرانسانە دەکات، کە لەلایەن شارەوانی - ئەستەنبوڵ ڕێکدەخرێت[59].

بەگشتی هەردوو باڵی ڕێبازی خەڵوەتی، ئوشاقیو جەڕاحییە لەڕێگەی تەسەوفی کلاسیکییەوە بەردەوامن لە چالاکیو لەگەڵ ئەوەدا هەوڵدەدەن لەڕێگەی ئامرازەکانی راگەیاندنەوە پەیامەکانییان بە خەڵکی بگەیەنن. باڵی جەڕاحی زیاتر لەلایەن کەسایەتی ئەکادیمیو ڕۆشنبیرو ئەو کەسانەی لە بواری هونەرە جوانەکان و مۆسیقادا کاردەکەن پشتیوانی دەکرێتو هاتووچۆی تەکییەی جەڕاحی دەکەن[60].

**3- تەوەری سێیەم: ڕێبازی ریفائي روفاعية(Rifailer)، هەریەك لە وەقفی کەنعان ریفاعی(Kenan Rifai )، قوبة ئالتی(Kubbealti Vakfi) سەربەم ڕێبازەن.**

ڕێبازی روفاعی لەلایەن ئەحمەد روفاعی(1118- 1184) دامەزرێنراوە. ئەم ڕێبازە لە تورکیاو عێراق‌و میسرو چەندین ناوچەی دیکەی جیهانی ئیسلامیدا بڵاوبووەتەوە. کەنعان ریفاعی[61]، وەك كاریگەرترین کەسایەتی ناو ڕێبازەکەیە، کە لەسەدەی بیستەمدا دەرکەوت. کەنعان ریفاعی هیچ پەروەردەو خوێندنێکی قوتابخانەی فەڕمی نەبووە، هەتاوەکو داخستنی تەکییەکان لە تورکیا لە دەرگاهی روفاعی خزمەتی کردووە، لەپاش داخستنی تەکییەکان، مانەوەی تەکییەکان بە داخراوی کەنعان کاروچالاکییەکانی لە چوارچێوەی خێزان‌و کەسە نزیکەکانی ئەنجامداوە. کەنعان لە 1950 کۆچی دوای کرد لە حەوشەی مزگەوتی ناوەندی ئەفەندی( Merkez Efend Camii) بەخاك سپێدرا. ئەم مەزارگەیەی بە کراوەی ماوەتەوەو بووە بە زیارەتگای ئەو کەسانەی شوێنکەوتەی ڕێبازی روفاعی بوون[62]. لە پاش مردنی کەنعان بەرپرسیاریەتی بەڕێوەبردنی دەرگاهی روفاعی لەلایەن خوشکی بچوکی یەکێك لە خەلیفەکانی کەنعان بە ناوی سەمیحە یایڤەردی(١٩٠٥-١٩٩٣)(Samiha Ayverdi)، لە ئەستۆگیراوە، ناوبراو بەردەوامی داوە بە دەرس‌و کارەکانی لە دەرگاهی روفاعی، پاش مردنی سەمیحە، جەمال نوور سەرگوت(1952- ) بەڕێوبردنی دەرگاهی روفاعی لە ئەستۆگرت، لە 1970وە جیابوونەوەیەك لەناو ئەم ڕێبازەدا سەریهەڵدا و ڕێبازەکە بەسەر دوو باڵی روفاعی(Rufai)و ریفاعی(Rifai) دابەشبووە، باڵی روفاعی بەگشتی لەسەر شێوازو عادەت‌و کولتووری ڕێبازو تەسەوف بەردەوامبوون لە ناوچە جیاوازەکانی تورکیادا تەکیەیان کردووەتەوە، باڵی ریفاعی لە ئەستەنبوڵ پاڵیانداوە بە نازناوی کەنعان ریفاعی‌و لە چالاکیان بەردەوامن[63].

تێڕوانینەکانی کەنعان‌و شوێنکەوتوانی دەربارەی باڵاپۆشی بە جیاواز لەلایەن خەڵکی لێکدەدرێتەوە، لەهەمانکاتدا جیاوازی لە بۆچوونی ئەم گرووپانەی روفاعی خۆیاندا بووەتەهۆی ئەوەی تێگەیشتنی جیاواز بۆ رەوتی روفاعی دروست بێت لەم روانگەیەوە ئەم گرووپە پێیانوایە، کە ئایین و تەسەوف تەنها گوزارشت نییە لە جلوبەرگ‌و پۆشاك بە بۆچوونی ئەم گرووپە کەس مافی ئەوەی نییە، کە بەخشندەی نەبڕاوەو بێکۆتای خودای مەزن سنووردار تەسك بکاتەوە بەتایبەت بەناوی ڕێبازەوە سنووردارکردنی‌و بەرتەسکردنەوەی ئەو بەخشندەییە قەبوڵکراو نییە[64]. کەنعان ریفاعی‌و شوێنکەوتوانی تێڕوانینیان سەبارەت بە ئایینەکانی دیکە نەرم‌و ئەرێنییەو لە چوارچێوەی بۆچوونی(دیالۆگی ئایینەکاندا) جێگەی دەبێتەوە. گرووپی ریفاعی پێیوایە تەسەوفی ئیسلامی جیاوازی ئایینیەکانی لەبەرچاو نەگرتووەو جیاکاری لەنێوان مرۆڤەکاندا بەهۆی جیاوازی ئایینەوە نەکردووەو پشتیوانی ئەو بۆچوونەی، کە ئایا وەك موسڵمانان یان ناموسڵمان ئەو کەسە کارەکانی دەکات، لەم روانگەیەوە گرووپەکە پێیانوایە، کە زۆرێك لە مەسیحی‌و جولەکەو تەنانەت کەسانی بێئایین لە کەسانی بەناو موسڵمان زیاترو جوانترو چاکتر رەفتارو ئادابی ئیسلامی جێبەجێدەکەن. ریفاعی پێیوایە بەپێی فەرمایشتی پێغەمبەر(د.خ)، هەرکەسێك رەوشتی جوان بێت بە موسڵمانێکی تەواوی محەمەدی(حق الیقین)، پێویستە بە قۆناغی مەسیحیەت عیسا(علم الیقین)، و قۆناغی جولەکە موسای(عین الیقین) تێپەڕێت ئەمانە بەرگری لە بۆچوونی" هەتاوەکوو نەبیت بە عیسای‌و موسای ناتوانیت ببیت بە محەمەدی"ی دەکەن[65].

ئەم گرووپە لە مەودایەکی فراوانداو بەچەند جۆرێك چالاکیی ئەنجامدەدات لەوانە:((کۆنفرانس‌و سیمینار سیمپۆزیۆم،کۆڕ...هتد)، خولی مۆسیقای کلاسیکی‌و کولتووری تەسەوف‌و تورکی، خولی فێربوونی تورکی عوسمانیی...هتد، ئەم گرووپە بۆ یەکەمجار خولی فێربوونی مۆسیقا، خەتخۆشی، بریسکاندنەوەو رازاندنەوەی کتێب نووسین، تورکی عوسمانیی کردەوەو بوو بە نموونەو سەرمەشق لەم بوارانەدا، هەروەها ماوەی 39ساڵ زنجیرەی قوبە ئاڵتی (Kubbealti ) بەبێ دابڕان‌و بەردەوام دەردەکەوێت و بڵاودەکرێتەوە، فەرهەنگی گەورەی زمانی تورکی نمونەی قوبە ئاڵتی(Kubbealti Lügati Misdli Büyükç Sözlük)، یەکێکە لە بەرهەمە نایابە بڵاوکراوەکانی ئەم گرووپە). هەموو چالاکییەکانی ئەم گرووپە لەڕێگەی چەند دەزگاو ڕێکخراوێکەوە ئەنجامدەدرێت‌و سەرپەرشتی دەکرێت لەوانە:(وەقفی ئەکادیمیای کولتووری‌و هونەرجوانەکانی قوبەئاڵتی، ڕێکخراوی کولتووری ژنانی تورك، وەقفی پەروەردەی کولتووری هونەرەجوانەکانی سەنات...هتد)[66].

سەرەڕای دابەشبوونی زۆری گرووپی ریفاعی‌و روفاعی بە بەراورد بە سەردەمی رابردوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا بەهێزترین گرووپیان ریفاعییە، کە زۆرێك لە تایبەتمەندیی تەسەوف‌و ڕێبازی لەگەڵ خۆیدا هێشتووەتەوە بەردەوامی پێدەدات، بەڵام ئەم گرووپە تاڕادەیەك و بەشێوەیەکی ڕێکخراو ویردو زیکری تەسەوفی تێیدا ناخوێنرێت ئادابی تەسەوفی تێیدا جێبەجێناکرێت ئەمە وایکردووە، کە ئەم گرووپە لە گرووپە کلاسیکیەکانی دیکەی تەسەوف بەڕوونی جیاواز دەرکەوێت. کەنعان ریفاعی لە کاتی داخستنی مەدرەسەو خانەقا و تەکیەکان لەلایەن کۆماری تورکیاوە پێوابوو خودا خۆی ئەم بارودۆخە دەبینێت‌و دەزانێت، هەربۆیە بەرامبەر بە دەوڵەت هیچ کاردانەوەیەکی توندی نەبوو. سەمیحە ئایڤەردی، کە پاش کەنعان بەڕیوبردنی ڕێبازەکەی گرتە ئەستۆ ئیدارەو کاروچالاکییەکانی ڕێبازەکەی بەدامەزراوەی کرد. لە پاش سەمیحە جەمال نوور بە سوودوەرگرتن لە ئامرازەکانی پەیوەندی و راگەیاندن‌و تەکنولۆژیا، ئەم ڕێبازەی بە جیهان ناساندووەو بڵاویکردەوە. گرووپی ریفاعی لە گرووپی روفاعی کلاسیکی جیابوونەوەو گوتارو چالاکییان رووەو چینێکی نوێی کۆمەڵگە ئاراستە کرد، هەروەها لەڕێگەی جێبەجێکردنی هەندێك مەراسیم‌و بەرنامەی تایبەتەوە، کە لەناو گرووپە تەسەوفی و روفاعی کلاسیکیدا جێبەجێنەکراوە ناسنامەیەکی نوێیان بۆ خۆیان هەڵبژارد. گرووپی ریفاعی، کە زیاتر لەناو چینی دەستەبژێری کۆمەڵگەو بەتایبەتی دەستەبژێری ئافرەتاندا بڵاوەو شێوازی ژیانی مۆدێرنەو سەردەمییانە پەسەندکرد و لەگەڵ تەسەوف‌و ڕێبازدا پێکەوە تێکەڵی کردوون گونجاندنی بەوجۆرە رەوتێکی نوێیان داهێناوە، کە ناودەبرێت بە تەسەوفی رۆشنبیری( Entelektael Tasawufi)[67].

بەشێوەیەکی گشتی ئەم ڕێبازە، لەسەرئاستی تورکیاو هەندێك لەوڵاتانی جیهانی ئیسلامی بڵاوبووەتەوە، هەربۆیە لایەنگرانی و چالاکیی لە باکووری کوردستان، هەرلە چوارچێوەی تورکیادا باسکراوە.

**4- تەوەری چوارەم: ڕێبازی قادری ( Kadiriler) ئیجمالجییەکان( Icmaciler):**

پاش کۆچی دوای مستەفا خەیر ئۆگوتی لە 1979دا، حەیدەر باشی دەڕواتە جێگەکەی و دەبێت بە شێخو رابەری ڕێبازی قادری، ئەم گرووپە، کە لەلایەن حەیدەر باش رابەرایەتی دەکرێت و لە هەمانکاتدا وەك رابەری ڕێبازی قادری دەردەکەوێت. ئەم ڕێبازە بە ناوەکانی(ئیجمالجیلەر و گرووپی حەیدەرباش) دەناسرێتو واتە هەرسێ ناوەکانی(ڕێبازی قادری، گرووپی حەیدەر باشی، ئیجمالجیلەر) ئاماژەن بۆ ناوی ڕێبازی قادری[68].

لە دیدو بۆچوونەکانی ڕێبازی قادری، هەرلە سەرەتاوە وەك ڕێبازێکی تەسەوفی ئایینی دەرکەوتووە. حەیدەرباش وەك رابەری گرووپەکە لە گوتارەکانیدا، کە لە ڕۆژنامەو تەلەڤزیۆندا یاخود هەربەشێوەی نووسراو یان ڤیدۆ بڵاودەکرێتەوە زیاتر جەخت لەسەر تێڕوانینی شیعە دەکاتەوە بە پەسەندکراوی دادەنێت. لەناو نووسراو دانراو کارەکانی حەیدەر باشدا، کە هەندێکیان لە ئینتەرنێت بڵاوکراونەتەوە، هەندێك بۆچوون و دەستەواژەو زانیاریی باس دەکات، کە لەگەڵ بنەڕەت و پایەکانی ئایینی ئیسلام و عەقڵی سەلیمو عەقیدەی ئەهلی سوننەتدا یەکناگرێتەوەو دژیەکی تێدایە وەك تێڕوانینێکی لە عادەت بەدەرو توندڕەوی و توندوتیژی دەردەکەوێت[69]. هەندێك لەو بۆچوون و دەستەواژانە:(ئەگەر ڕەفتار و بارودۆخێك لەلایەن وەلییەکەوە بە پێچەوانەی مەنتیق بێت، باشترین کاردانەوە، لە بەرامبەریدا، ئەوەیە بێدەنگی بنوێنرێت، بێگومان ئەو کەسانە لەلایەن خودا خۆیەوە خۆشویستراون بەتایبەتی هەڵبژێراون لەژێر چاودێریو پارێزگاری خودا خۆیدان. گوێڕایەڵی بۆ میراتگیری پێغەمبەر(د.خ) دەکرێت پێویستە بەهەمانشێوە گوێڕایەڵی بۆ پێغەمبەر(د.خ)، بێت، لەپێناو مانەوەو بەردەوامی خۆشبەختی مرۆڤایەتی بەردەوامی ئەم پابەندی و پێویستە ناچاریو زۆری بێت)[70].

حەیدەر باش چەند دیدوبۆچوونێکی هەیە جیاواز لە ڕێبازەکانی دیکە لەوانە: بەپێی قورئان ڕێگاو ڕێبازو مەزهەبێك بەناوی سوننی بوونی نییەو ڕێگا یاخود مەزهەبی ئەهلی بەیت هەیە، عەلی ئیمامێکە لەلایەن خوداوە دیاریکراوە بۆ ئەو پێگەیەی، مستەفا کەمال ئەتاتورك لە نەوەی پێغەمبەر(د.خ)ە، حەزرەتی عیسا لە ئاخرزەماندا دێت، ئەگەر من بمێنم سوێند بە خودا عیسا دێتە ناو گرووپەکەی منەوە، هەروەها بە بڕوای حەیدەر باش جگە لە حەزرەتی عەلی خەلیفەی دیکە بوونی نییە. ناوبراو پێیوایە، کە ئیمام مەهدی لەژیاندایەو بەناو خەڵکیدا دەگەڕێت...هتد [71].

حەیدەر باش و گرووپەکەی لەڕێگەی ئەو دامەزراوەو کۆمپانیا و دەستانەی هەیەتی لە بوارەکانی سیاسەتو بازرگانیو پەروەردەو چاپو بڵاوکردنەوەو میدیا دا چالاکیی بەردەوامی هەیە و لەڕێگەی ئەو دامەزراوە میدیایانەوە گوتارو بۆچوونەکانی ئاراستەی شوێنکەوتوانیو لایەنگرانی دەکات، لەلایەکی دیکەوە حەیدەرباش و گرووپەکەی بۆچوونی سیاسیو ئایینیو زانستەکانی خۆی لەڕێگەی وەقفی توێژینەوەی زانستی( Ilmi Arastimalar Vakfı) لە سەرانسەری تورکیاو بەتایبەت لە تەرابزۆن دەگەیەنێت بەخەڵکی بەگشتیو بەتایبەتی شوێنکەوتوانی، هەروەها ڕۆژنامەیەکی دەرکرد، کە خۆی سەرنووسەری بووەو لەڕێگەی نووسراوەکانییەوە لەگەڵ نووسەرو ئەکادیمیەکاندا لە پەیوەندی بەردەوامو بەهێزدایەو لەڕێگەی ڕۆژنامەو رادیۆ تەلەڤزیۆن و سایتی ئینتەرنێتی و پارتی سەربەخۆی تورکیا( Bağimsiz Türkiy Partisi/ BTP)، بۆچوونو چالاکییە ئایینیو ئەکادیمیو سیاسییەکانی بۆ خەڵکیو شوێنکەوتوانی بڵاودەکاتەوە[72]. حەیدەرباشو گرووپەکەی لەڕێگەی چەند ئۆرگانێکەوە لەبواری سیاسەتو ئابووریدا سەرقاڵی چالاکییە لەوانە: پارتی سەربەخۆی تورکیا(BTP)، گرووپی کۆمپانیاکانی باش، کارگەی پۆڵای باش، گرووپی بازرگانی باش، پیشەسازی گەرمکردنەوەی باش...هتد) لە بواری پەروەردەو توێژینەوەو تەندروستی(کۆلێژی مەلتەمی تایبەت( Özel Meltem Kolijleri)، وەقفی توێژینەوەی زانستی، نەخۆشخانەی تایبەتی مەلتەم، کلینکەکانی دانی تایبەت مەلتەم...هتد، لە بواری چاپو بڵاوکردنەوەو و راگەیاندنو ڕۆشنبیریدا(گۆڤاری ئیجمال( Ijmal Dergisi)، گۆڤاری ئوگوت( Öğut Dergisi)، گۆڤاری پەیام(Mesaj Dergisi)، ڕۆژنامەی پەیامی نوێ(Yeni Mesaj Gazetesi)، تەلەڤزیۆنی گوند(KöyTV)...هتد[73].

حەیدەرباش لە نوسراو گوتارەکانیدا لەڕ ێگەی بەکارهێنانی کۆمەڵێك دەستەواژەو چەمکی تایبەت بە تەسەوف وەك(دۆستی خودا، وەلی، مورشید، مرۆڤی تەواو...هتد) ئەم وەسفـو وشانەی بەجۆرێك بە گەورەو پیرۆز راگرتووە، بەبێ هیچ مەرجێك بە پێویستی زانیوە خەڵکی تەسلیمیان بێتو شوێنییان بکەوێت و خزمەتیان بکەن ئەم بۆچوونە لەگەڵ ئایینی ئیسلام و عەقڵی سەلیمدا یەکناگرێتەوە بەهەمانجۆر لە نووسراوەکانی حەیدەر باشدا ئەو کەسانەی لەسەرەوە ناویان هێناوە وەك ئاوێنەیەك بۆ دەرەوشانەوەی باڵادەستی و تەجەلیاتی خودا وێناکراون. حەیدەرباش پێیوایە، کە دەبێت هەر ڕەفتارو بۆچوونێك لەو کەسانەوە بەبێ بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندن، کە ئایا راستە یان هەڵەیە بە دڵ وەربگیرێتو پەسەندبکرێت وەك خۆی جێبەجێ بکرێت، حەیدەر باش پێیوایە باشترین ڕەفتارێك لەبەرامبەر وەلی و پیاوچاکاندا ئەوەیە هەمان ڕەفتاری ئەوان دووبارە بکرێتەوە بە بێدەنگیو بەبێ نارەزایەتی دەربڕین و چاوەڕێی دەرنجامەکانی بکرێت تەنانەت ئەگەر ئەو ڕەفتارەی وەلی و پیاوچاکەکە دژی بنەماو پەیامەکانی ئیسلامو عەقڵی سەلیم بێت هەردەبێت پەیڕەوی لێ بکرێت، بەمجۆرە هەر ڕەخنەو رووبەڕووبوونەوەو تەنانەت هەڵسەنگاندنێکی خوێنەرو ئەندامو شوێنکەوتوانی گرووپەکە بۆ نووسینو ڕەفتارو کارەکانی هەرکەسێك کە حەیدەر باش بە وەلی و پیاوچاکی بزانێت و تەنانەت هەر ڕەخنەیەك یان هەڵسەنگاندنێك بۆ نووسینو ڕەفتارەکانی خوی بوونی نابێتو بەبێ ڕەخنەلێگرتن پەیامەکانی وەردەگرنو ڕەفتارو هەنگاوەکانی دووبارە دەکەنەوە، هەربۆیە سەرجەمی

شوێنکەوتوانی حەیدەرباش کوێرانە وەك چاوبەستراوێك نووسینەکانی پەسەند دەکەن‌و ڕەفتارەکانی دووبارە دەکەنەوە تەنانەت بەرگری لێدەکەن [74].

حەیدەر باش هەندێك لە نووسراو دانراوەکانیدا بە تایبەتی ئەوانەی لە میدیادا بڵاوکراونەتەوە بە هۆکاری سیاسیی یاخود هۆکاری دیکەی نەزانراو و نەوتراو جەختی زۆر لەسەر مەزهەبی شیعە وەك مەزهەبێکی پەسەندکراو دەکاتەوە، هەتاوەکو ئەو ڕادەیەی بووەتە مایەی تێڕامانی لێکۆڵەرەوان‌و ڕای گشتی تورکیا بە نەرێنی نیشاندانی مەزهەبی سوننەو دروستکردنی گومان لەسەر خەلیفەکانی ئیسلامی دوای پێغەمبەر(د.خ)، جگە لە حەزرەتی عەلی(ر.ز)،...هتد. شارەزایان پێیانوایە ئەم جۆرە بۆچوونانە هۆکارێکە بۆ جیابوونەوەو دابەشبوونی زیاتری کۆمەڵگە، هەروەها دەبێتەهۆی زیان گەیاندن بە ئایین‌و کولتوورو ئادابی گشتی کۆمەڵگەو پێکەوە ژیانی ئاشتییانە[75]. حەیدەر باش هەرچەندە بانگەشەی ئەوەی دەکرد، کە پێویستە بەتەواوی خەڵکی پابەندی ئەو پەیام‌و وتانەبن، کە لەلایەن وەلی‌و مورشیدو پیاوچاکانەوەو مرۆڤە کامڵەکان‌و دۆستانی خوداوە ڕادەگەیەنرێت ڕەخنە لە ڕەفتاریان نەگیرێت‌و بەچاوی گومانەوە لێیان نەڕوانرێت، بەڵام بە پێچەوانەی گوتەکانی حەیدەر باش جگە لە حەزرەتی عەلی( ر.ز)، گومان دەخاتە سەر خەلافەتی خەلیفەکانی دیکەی ئیسلام‌و مەزهەبی سوننی‌و تەنانەت ڕەخنە لە هەندێك ئەو هاوەڵانەی پێغەمبەر(د.خ)،دەگرێت. حەیدەرباش لە باسکردنی مەزهەب و تەوژمی شیعەگەری وایکردووە گومان لە بوونی پەیوەندی حەیدەرباش ، لەگەڵ گرووپە شیعییەکان هەندێك وڵاتانی دراوسێ بکرێت[76].

ڕێبازی حەیدەرباش یان قادری، هەروەك ڕێبازو گرووپە سۆفیگەرییەکانی دیکە لە تورکیا بەگشتی و باکووری کوردستان بەتایبەتی، چالاکن‌و لە شارە جیاوازەکانی وەك دیاربەکرو وان‌و ئورفە...هتد بڵاوبوونەتەوەو تەکیەیان هەیەو شوێنکەوتوانی ئەم ڕێبازە لەناوچە جیاوازەکانی کوردستان و جیهان ڕوویان تێدەکەن، ویرد و زیکرو بۆنە جیاوازەکانی خۆیان بەکۆمەڵ لە تەکیەکانیان ئەنجامدەدەن، ڕێبازی حەیدەرباش بەهۆی تێڕوانینی ئەرێنی بۆ شیعە و ئیمامی عەلی(ر.ز)، لای شیعەکان پەسەندکراو ڕێزلێگیراوە. ئەم ڕێبازە بەدرێژای مێژوو کاریگەریی بۆسەر دەسەڵات هەبووەو زۆرجاریش، پارتە جیاوازەکان، لە هەڵبژاردنەکاندا، هەوڵیانداوە لە بەرژەوەندی خۆیان سوود لە دەنگەکانی شوێنکەوتوانی ئەم ڕێبازە وەربگرن.

بەگشتی گرووپەکانی تەسەوف یاخود ڕێبازە سۆفیگەرییەکان لە باکووری کوردستان و تورکیا پێیان دەگوترێت گرووپە ئایینیە کلاسیکییە(تەقلیدی)یە کولتوورییەکان بەچەند تایبەتمەندییەك دەناسرێنەوە لەوانە:

1- زۆربەی گرووپەکانی پەیڕەوی لە ڕێبازی نەقشبەندی- خالیدی دەکەن، لەگەڵ ئەوەدا گرووپەکانی سەر بە ڕێبازی قادری‌و خەڵوەتی‌و ڕوفائی‌و بوونیان هەیە.

2- کۆمەڵێك تایبەتمەندی یاخود ڕەفتارو چالاکی ئەم ڕێباز و گرووپانە هەیە، کە لە ڕوانگەی بەرنامەی ئیسلامەوە ڕەخنەی لێدەگیرێت لەگەڵ ئیسلامدا یەکناگرێتەوە، لەگەڵ ئەوەدا ئەم ڕێبازو گرووپانە هەوڵیانداوە، لەگەڵ ڕەوتی گشتی‌و کۆمەڵایەتی‌و کولتووری خۆیان بگونجێنن.

3-لەناو ئەم گرووپانەدا گرووپی سولەیمان حلمی توناهان، لە ڕوانگەی کاری ڕێکخستن‌و داراییەوە داخراوترین گرووپن و زۆرترین قسەیان لە ڕوانگەوە لەسەردەکرێت بەپێی گوتەی هەندێك لە ئەندامانی ئەم گرووپە بێت پەیوەندییەکانی ئەم گرووپە بە بابەتی ئایین‌و دەوڵەت‌و کۆمەڵگەوە زۆر بە هەستیاری لەناو گرووپەکەدا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

4-هەر ڕێبازو گرووپێك لەمانە لەگەڵ جیاوازی مەودای کاریگەرییاندا لەناوچە جیاوازەکانی باکووری کوردستان و تورکیادا، هەوڵدەدەن ڕێکخستن‌و کاروچالاکییان لەناو دامەزراوە بیرۆکراسیەکاندا هەبێت‌و بە ئاراستەی ڕای گشتی‌و کۆمەڵگە پەیامەکانیان بڵاوبکەنەوە[77].

## دەرئەنجام

1- بەشێوەیەکی گشتی‌و بە تێڕوانین لەدیدوبۆچوونەکانی ئەو ڕێبازە سۆفیگەرییانەی، کە لە باکووری کوردستان چالاکن‌و لەناو چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا شوێنکەوتەیان هەیە، هەندێکیان بەئاشکرا بەشداریی لە سیاسەتدا دەکەن‌و چوونەتەناو حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی تورکیا لەوانە ڕێبازی سولەیمانییە، هەروەها ڕێبازی قادری(حەیدەر باش) پارتی تایبەت بەخۆی هەبووەو چالاکانە لەسەرجەم بوارە سیاسیی‌و ئابووریی‌و پەروەردەییەکاندا کاریکردووە.

2-ئەو ڕێبازە سۆفیگەرییانەش، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ خۆیان لە سیاسەت بەدوورگرتووە، بەڵام بە ناڕاستەوخۆ لەڕێگەی دیدوبۆچوون چالاکییانەوە کاریگەریان لەسەر سیاسەت‌و دەوڵەت‌و پارت‌و ڕێکخراوەکانی ناوچەکەدا هەبووە.

3-لەناو هەریەك لەم ڕێبازانەدا کەسی یەکەمی ناو ڕێبازەکە، کە مورشیدیانە بەجۆرێك شەرعیەتی بەدەسەڵاتی داوە، شوێنکەوتوانی بە پیرۆز سەیرکردن‌و لە فەرمان دەرنەچوونی مورشیدەکەیان جۆرێك لە تاکڕەوی لەنێو ڕێبازەکاندا دروستکردووە، کە شوێنکەوتوانی ئەو ڕێبازانە بوونەتە خزمەتکارو جێبەجێکاری تەواوی فەرمانەکانی مورشیدو ڕێبەری ڕێبازەکەیان.

4- سەرەڕای گۆڕانکارییە سیاسیی‌و ئابووریی‌و کۆمەڵایەتییەکان چ لە تورکیادا بێت یاخود باکووری کوردستان، بەڵام شوێنکەوتوانی ڕێبازە سۆفیگەرییەکان بوونیان هەیەو وێڕای بوونی تەکیە و خانەقا و جێبەجێکردنی سروت و ویردو زیکرە سۆفیگەرییەکان، لەهەمانکاتدا بەشدارییەکی کارایان هەیە لە سەرجەم بوارەکانی دیکە لە تورکیا بە گشتی و باکوری کوردستان بەتایبەتی.

## Abstract

The Sufi's tariqa (way, brotherhood) in Kurdistan played an important and effective political role throughout the history of the Ottoman Empire. In the nineteenth century, especially after the fall of the Emirates, Sufi sheikhs in addition to their religious guidance and teaching the mystical and spiritual practices, they undertake the responsibility to lead the Kurdish liberation movement. After the fall of the Ottoman Empire and the closure of most of the Sofi’s meeting places known as zawiyas, khanqahs or tekke where were the places of spiritual sessions meetings(majalis). The practice of violence by Mustafa Kemal Ataturk towards Sofi's sheikhs did not stop them idly but continued to practice their secret activities. With the emergence of multi-party life in Turkey, the Sufi tariqa began again in their religious activities, especially in Northern Kurdistan. In the last quarter of the twentieth century, and after the remarkable development witnessed by the Islamic political movement, as well as the emergence of the Welfare Party in 1983, suitable circumstances arose for the Sufi Way in southern Turkish Kurdistan, so that they, while performing their religious rituals, exercise their political and social roles as well. this study aims to focus on the history of Sufi tariqa which is full of conflicts and quarrels with the government and among themselves in Northern Kurdistan. From this point of view, the percentage of Sofi Orders' participation in the practice of politics was not parallel, but rather varied and each of them played an effective role and left its striking imprint on Kurdistan.

## ملخص البحث

إنالطرقالصوفيةعلى مسارامتدادتاريخ الامبراطوريةالعثمانية لعبت دورا مهما وفعالا لاسيم بعد سقوط الامارات، حيث سبقأن المشائخ الصوفية. مواكبامع خدمتهم الدينية. قد قادوا بوصفهم مرشداالحركةالتحرريةالكوردية خلال منتصف القرن التاسع عشر.أما بعد سقوط الامبراطورية العثمانية وإغلاق أغلب التكايا والزوايا والخوانق وممارسة سياسة التعنف من قبل مصطفى كمالأتاتورك تجاهم، فإن تلكم الطرق لم يقفوا مكتوفي الأيدي بل واصلوا في ممارسة نشاطاتهم السري .وبظهور حياة التعدد الحزبي في تركيا بدأت الطرق الصوفية من جديد بنشاطاتهم الدينية خصوصا فيما يتعلق بكوردستان الشمالي. وفي ربع الأخير من القرن العشرين وبعد التطورالملحوظ الذي شهده التيارالإسلامي السياسي فضلا عن ظهور حزب الرفاه عام 1983، قد سنحت أرضية ملائمة للطرق الصوفية في كوردستان تركياالشمالي، كي يقوموامعأداء طقوسهم الدينية.بممارسة أدوارهم السياسية والاجتماعية أيضا .والذي تم التأكيك عليه في البحث هذا؛ عبارة عن أن الطرق الصوفية في كوردستان لها تاريخ حافل ومكتظ عن آخره بالصراعات والمشاحنات مع الحكومة وفيما بين أنفسهم. ومن هذا المنطلق يبدو لناأن نسبة مشاركتهم فى ممارسةالسياسةلم تكن متوازية، بل كانت متنوعة وأن كل واحدة منها قامت بدورها الفعال وكذلك تركت بصمتها الملفتة على كوردستان.

**مفتاح الكلمات/ الطرق الصوفية، شمال كوردستان، تركيا، التكية و الخانقاه.**

[1] سۆفیگەری (سۆفیزم): رای جیاواز هەیە لەسەر ناوی سۆفی وەك كەس و چ وەك رێباز لەوانە: ریشەی ناوی سۆفیگەری، كە لەبەرامبەردا بەزمانی عەرەبی(تیۆف)ە، ناوی سۆفی لە(صوف/ خوری) وەرگیراوە وشەی سۆفیزم (تصوف) بەمانای لەبەركردنی جلوبەرگی خوری هاتووە، لەبەرئەوەی لەبەركردنی جلوبەرگی خوری رەفتاری پێغەمبەرانو دروشمو هێمای وەلیو پیاوچاكان بووە، هەندێكی دیكە پێیانوایە ناوی سۆفیگەری تەصەوف بەمانای(الصف) دێت مەبەست لێی ریزی یەكەمی نوێژ، چونكە زۆر پابەندن بەپەرستشو نوێژەوە رایەكی دیكە پێیوایە، وشەكە دەگەڕێتەوە بۆ هاوەڵانی(صفة)، كە لە مزگەوتی مەدینەدا بە پەرستشو زوهدەوە سەرقاڵبوون، بەڵام لەگەڵ ئەم جیاوازیانەدا رایەكی دیكە پێیوایە، كە ئەم دەستەواژانە نابنە رێگر لەبەردەم گەیاندنی مانای سەرەكی سۆفیگەری(تصوف)، سۆفیزم بریتیە لە فەلسەفەی ژیان، رێگەیەكە لە رەفتاری تاك بەرەو بەدیهێنانی نموونەیەكی بەرزی ئەخلاقی و بەختەوەری دەروونی. (بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: د.جەعفەر عەلی رەسوڵ: سۆفیزم و كاریگەری لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی كورددا(1880-1925)، چ2،چاپخانەی، رۆژهەڵات، هەولێر،2013، ل13-23).

[2] مارتن فان برونەسن: ئاغاو شێخ و دەوڵەت، و.كوردۆ عەلی، ب2، چ4، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی، 2003،ل119.

[3] بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: د. جەعفەر عەلی رەسوڵ: س.پ، ل82-87.

[4] بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: ه.س،ل87-93.

[5] رێبازی قادری: ناوی ئەم رێبازە دەگەڕێتەوە بۆ دامەزرێنەرەكەی، كە شێخ عەبدولقادری كوڕی موسای گەیلانییە و لە 1077 لە گەیلان لەدایكبووە، هەرلە تەمەنی منداڵییەوە روویكردووەتە بەغداد و بۆتە فەقێ و رێبازی حەنبەلی پەیڕەوكرد، هەتاوەكو1800 لە كوردستان، دوو خانەوادەی رێبازی قادری، كە بەرزنجییەكان و ساداتی نەهری بوون. ئەمەش بووەهۆی ئەوەی دەسەڵاتی ئەو دووخانەوادەیە، درێژخایەن بێت و لەوانی دیكە زیاتر بدرەوشێتەوەو زیاتر بڕیكات. شێخ عەبدولقادر لە 1166 لە بەغداد كۆچی دوایی كرد.( **بۆزانیاریی، زیاتربڕوانە: مارتن فان برونەسن: س.پ، ل126-137).**

[6] رێبازی نەقشبەندی: ئەم رێبازە لە ئاسیای ناوەندەوە سەریهەڵداوە. بەناوی شێخ بەهادین نەقشبەندی بوخاری(1318-1389)، ناسراوە، كە هەندێك ئاڵوگۆڕ و دەستكاری بەسەر رێبازەكەدا هێناوە، بەڵام تەمەنی رێبازەكە لەو مێژووە كۆنترە و دەگەڕێتەوە بۆ رۆژگاری (یوسف هەمەدانی 1409-1149)، پاشتریش بۆ سەردەمی عەبدولقادر غونچەوان، پاش دەركەوتنی مەولانا خالیدی شارەزووری رێبازەكە پتر تەشەنەی سەندووە. (بەرزانی مەلا تەها: سۆفیزم و شۆڕش دەربارەی( شێخ عوسمان سیراجەدین نەقشبەندی) و مێژووی خەباتی(سوپای رزگاریی كوردستانی ئێران)، چ1، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، 2018، ل47).

[7] مارتن ڤان برۆنسێن: كوردەكانو ئیسلام، و.ژیلاخۆش بەیات، تیشك، گۆڤارێكی شیكارانەی كۆمەڵایەتی سیاسییە، ژمارە 54، ساڵی بیستویەكەم، زستان 2719، ل387.

[8] د.ادریس بووانو: الاسلامیون الجدد في تركیا، البدایات، المكونات، التحولات، المعادات، مصدر كتاب موقع الوحدة الاسلامیة، كانون الأول2004، وەرگیراوە لە: 19ی كانوونی دووەمی 2020، http//www. Alwihdah.com

[9] ن.م.

[10] مەولانا خالید: كوڕی ئەحمەدی كوڕی حسین، لە 1779 لە قەرەداغ لە بنەماڵەیەكی سەربە خێزانی میكایەلی سەر بە تیرەی جاف لەدایكبووە، لە منداڵییەوە لە لای باوكی خوێندویەتی پاشان وەك فەقێكانی دیكە كورد بە شوێن خوێندندا گەڕاوە و روویكردوەتە شارەزوور و ناوچەكانی دیكە لای (مەلا عەبدولكەریمی بەرزنجی و مەلا عەبدوڵڵای خەرپانی...هتد) خوێندویەتی، پاشان رۆشتووە بۆ هیندستان، لەسەردەستی شاغوڵام عەلیدا پەیوەندی بە رێبازی نەقشبەندی كرد، لە 1811 گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی هەوڵیداوە ئامۆژگاری خۆی بە شارەكەدا بڵاوبكاتەوە، بەڵام بەهۆی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ میرانی بابان و رێبازی قادری بە رێبەری( شێخ مارفی نودێ)، ناچار روویكردوەتە بەغداد لەوێدا ماوەتەوە و رێبازەكەی و بیروباوەڕەكانی بڵاوكردوەتەوە پاشان لە 1822 عێراق بەجێدەهێڵێت و روودەكاتە دیمەشق، لە 1827 لە دیمەشق بە نەخۆشی كۆلێرا كۆچی دوایی كرد.(بۆ زانیاریی، زیاتر، بڕوانە: بوتروس ئەبو مەننە و تێری زاركۆن: دەركەوتنی تەریقەتی خالیدی و بڵاوبوونەوەی لە جیهانی ئیسلامیدا، وەرگیراوە لە: كۆمەلێك نووسەر: رێبازی سۆفیگەریی نەقشبەندیی -خالیدی ( مەولانا خالیدو تەریقەتی خالیدی) و. محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، چ1، چاپخانەی ئاراس، هەولێر 2009، ل8-15

[11] بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: عەدنان ئەمین: پێگەی بیری سیاسیی لە تەریقەتی نەقشبەندیدا، زنجیرە بڵاوكراوەكانی ناوەندی كوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەكان ((KCCRC،10، ئازاری 2018، ل9-11.

[12] بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: بوتروس ئەبو مەننە و تێری زاركۆن: س.پ،ل12-15.

[13] ه.س، ل19-20.

[14] Mehmet Çelik: Tasavvuf ve ilmi birleştiren bir kurum olarak medreseler (19. Ve 20. Yüzyıllarda norşin medresesi örneği), yüksek lisans tezi, Mardin artuklu üniversitesi, sosyal bilimler enstitüsü, tarih ana bilim dalı, Mardin, 2017, sayfa 67.

[15] Büşra Ersanlı: önce kikaynak,Sayfa 149.

[16] Nürettin aydın: Nakşibendiliğ’in halidiyye kolu hazneviler üzerine sosyolojik bir araştırma, Mardin ili örneği, yüksek lisans tezi, Süleyman

demirel üniversitesi, sosyal bilimler enstitüsü, felsefe ve din bilimleri bilim dalı, Isparta, 2016,sayfa 27.

Aynikaynak, Sayfa 32. [17]

Abdül Samet Çelikçi, Derin Devletin Bir Kanadı Olark Türkiye'de [18] Dini Gruplar, Doktora Tezi, Samsun, Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Siyaset Bilimi Ana Bilim Dalı, Samsun, 2020 ,Sayfa 46.

Ahmet Yaşar Ocak: Ulusal Güvenlik Tehdidi Olarak Dini Gruplar, [19] Yuksek Lisans Tezi, Kırıkkale Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Ulusal Güvenlik Yuksek Lisan Programı, Kırıkkale, 2018,sayfa 105.

Büşra Ersanlı: Dini Sosyal Teşekküller Gölgesinde Türkiye'nin [20] Geleceği, Doktora Tezi, Eskişehir Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Tasavvuf Tarihi Bilim Dalı, Eskişehir, 2020,Sayfa156-157.

Aynikaynak, Sayfa 156-158 [21]

[22] عەبدولکەریم ئیرۆڵ ١٩٠٢ ( Abdülkerim Erol) : لە قەزای بایکان(Baykan)ی سەربە پارێزگای سیرت(Sirt) لە باکووری کوردستان لەدایکبووە لەو گوندە نەماوەتەوەو روویکردووەتە گوندی مەنزیل، کە سەربە قەزای کاهتا(Kahta)ی سەربە پارێزگای ئادیامان( Adyaman)ە لە بنەچەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەیدی و بە غەوسێ بیلڤانیسی(Gavs Bilvanisi) ناسراوە لە هەمانکاتدا عەبدولکەریم ئیرۆڵ بە غەوسی ئەعزەم و عەبدولکەریم حوسێن ناودەبرێت ناوبراو لە 1972 لە گوندی مەنزیل کۆچی دوایی کردووە. ( Adem Karataş: Türkiyede bir nakşibendi grubunun dönüşümü: Menzil grubu örneği, yüksek lisans tezi, Sakarya üniversitesi, sosyal bilimler enstitüsü, sakaray, 2019,sayfa 20-21.)

Aynikaynak, Sayfa 20-21. [23]

[24] بۆ زانیاری، زیاتر، بڕوانە: Nihan Karali: Türkiye'de modern tasavvuf kaynaklarında kullanılan ayetler bunların değerlendirilmesi: Menzil cemaati semerkand dergisi örneği, yüksek lisans tezi, Kırklareli üniversitesi, sosyal bilimler enstitüsü, temel islam bilimleri bilim dalı, Kırklareli, 2020,sayfa 47-50.

Ahmet Aktaş: tarikatların toplumsal işlevi, Diyarbakır Kdiri tarikatı [25] örneği, yüksek lisans tezi, Necmettin Erbakan üniversitesi, sosyal bilimler enstitüsü, din sosyolojisi bilim dalı, konya, 2014, Sayfa32-33.

Nihan Karali: Önce Kikaynak,Sayfa42-43.[26]

Ahmet Yaşar Ocak: Önce Kikaynak,Sayfa130-131.[27]

Adem Karataş: önce kikaynak,Sayfa 69-70.[28]

Metin Ermiş: Halidi medrese geleneği ve norşin medresesi, yüksek [29] lisans tezi, Van yüzüncü yıl üniversitesi, sosyal bilimler enstitüsü, din eğitimi bilim dalı, Van, 2019,sayfa 32.

Metin Ermiş: önce kikaynak,Sayfa169-170[30]

[31] هەرچەندە لەو کۆبونەوە بە کۆی دەنگ تەکیە بریاری دا کە بەشداری لەو شۆرشە نەکات بەڵام وەک هەڵوێستێکی تاکەکەسی یەکێک لە شێخەکان بەناوی شێخ محەمەد بارتۆ( Şegh Muhmmed Bartole) بەشداری کردبوو. بڕوانە: (Büşra Ersanlı: önce kikaynak,Sayfa142- 143)

Metin Ermiş: önce kikaynak,Sayfa169-170[32]

Izzettin Ürek: günümüz bitliz medreselerinde mantık eğitimi (norşin [33] medreseleri örneği), yüksek lisans tezi, Dicle üniversitesi, sosyal bilimler enstitüsü, mantık bilim dalı, Diyarbakır, 2020,sayfa67-68.

Metin Ermiş: Önce Kikaynak,Sayfa169-170[34]

[35] شێخ سەیدا ئەلجەزەری(Şey Seda El-cezeri): رابەرو دامەزرێنەری گرووپەکە شێخ سەیدا ئەلجەزەرییە لە شاری جەزیرە(Cizre) لە باکووری کوردستان لەدایکبووە و هەرلەوێ گەورەبووەو دەستی بە چالاکی کردووە، لە 1920 پاش ئەوەی کۆچی دوای برا گەورەکەی بەرپرسیاریەتی بەڕێوبردنی مەدرەسەکەیان گرتووەتە ئەستۆی خۆی یەکەم مۆڵەتی مەلایەتی بە مەلا ناودارەکانی وەك سولەیمان هۆسەری( Molla Süleyman Hoseri)و مەلا رەمەزان( Ramazan Molla)، کە باوکی زانای ناوداری رۆژئاوای کوردستان سەعید رەمەزان بوتی( Said Ramazan Elbuti) بووە بەخشیوە و لە 1925 پاش رووداوەکانی شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران‌و پاش داخستنی تەکییەوخانەقا و مەدرەسەکان لە تورکیادا شێخ سەیدا لەگەڵ ئەندامانی دیکەی خێزانەکەی و برازاکانی‌و هەندێك لە قوتابییەکانی ناچاربوون لە شوێنی خۆیان دوورکەونەوە لەسەرەتادا کۆچی کردووە لە گوندێکی نزیك جەزیرە نیشتەجێ بووە پاشان چووە بۆ موسڵ لەوێ نیشتەجێ بووە پاشان چووە بۆ شام، هەتاوەکوو 1928 گەڕاوەتەوە بۆ جەزیرەو لە 1968 کۆچی دوایکردووە. ( بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: Hilal Bartu: Kayseride Tarikatlar ve tekkeler, Yüksek lisans tezi, Erciyes üniversitesi, sosyal bilimler enstitüsü, tasavvuf tarihi bilim dalı, Kayseri, 2017 ,sayfa29-31).

Ahmet Aktaş: Önce Kikaynak,Sayfa 65.[36]

Nihan Karali: Önce Kikaynak,Sayfa 70-71. [37]

* سوهبەت ( Sohbet): دەستەواژەیەکە بۆ ئەو وانانە بەکاردێت، کە خەڵکی بەشەو یان دوای عەسر دەچن بۆ مەدرەسەو کەسێك قسەیان بۆ دەکات(توێژەر).

بۆ زانیاری زیاتر،بڕوانە: Abdül Samet Çelikçi: önce kikaynak,Sayfa 107-109[38]

Ahmet Aktaş: önce kikaynak,Sayfa 123. [39]

[40] سلێمان حیلمی توناهان(Süleman Hilmi Tünahan): کە هەندێکجار بە سلێمان عەلی رەسول ناسراوە لە 1888 لە گوندی ڤاراتلاری سەربە شاری سیلسترا لە بولگاریا لەدایکبووە. بنەماڵەی توناهان سەربە رێبازی نەقشبەندییەو توناهان لەسەر دەستی باوکی فێری ئایین‌و زانستە شەرعییەکان بووە، ناوبراو لە 1908وە روودەکاتە شاری ئەستەنبوڵ بۆ مەبەستی خوێندن لە مەدرەسە ئایینیەکاندا لە 1913 بڕوانامەی لە مەدرەسەی فاتیح ئەحمەد ئەفەندی بەدەستهێناوە. توناهان دواتر پەیوەندی بە مەدرەسەی سلێمانییەوە کردووە لە 1920دا بڕوانامەی دکتۆرای لە تەفسیردا پێبەخشراوە، لە 1922دا بووە بە مامۆستاو شێخ لە مەدرەسەی سلێمانییە. **(بۆ زانیاری زیاتر: بڕوانە: د.عصمت برهان الدين: الطريقة السليمانية(سليمانجيلر) في تركيا المعاصرة، دراسات اقليمية، 5، 11، مركز للدراسات الاقليمية.**

https://regs.mosuljournals.com/article_30402_89b8b16c5e565bbfa7db0b2f3b532d3a.pdf

[41] م.ن؛ https://tunahan.org/hayati/

Haldun Demirel: Türkiye'de sivil toplum ve tarikatlar "Altınoluk" [42] dergisi çerçevesinde nakşibendi tarikatı, yüksek lisans tezi, Kırıkkale üniversitesi, sosyal bilimler enstitüsü, kamu yönetimi ana bilim dalı, Kırıkkale, 1997, sayfa 33-34.

Sayfa 33-34. Aynikaynak, [43]

[44] بۆ زانیاری زیاتر: بڕوانە: د. عصمت برهان الدين: م.س ؛ Fatma Betül Demirlek: Kadınların modaya yöneliminde ötekileştirilmenin rolü

"Süleyman hilmi tunahan cemaati" Konya örneği, yüksek lisans tezi, Necmettin Erbakan üniversitesi, sosyal bilimler enstitüsü, din sosyolojisi ana bilim dalı, Konya, 2015,sayfa25-27.

[45] Yrd. Doç. Dr. İsmail Çağlar: Tevarüs Edilmemiş Gelenek, Süleymancılık, Uluslararası Politik Araştırmalar Dergisi, 2016, Yıl:2, Cilt:2, Sayı:2, ss. 1-10,sayfa 8.

[46] بۆ زانیاری، زیاتر: بڕوانە: Fatma Betül Demirlek: Aynikaynak, Sayfa 25-27.

* لە تورکیادا خەڵکی پارەکانیان دەبەن لە بانقدا دایدەنێن و ساڵانە بانقەکە فاییزە بە خاوەن پارەکە دەداتو بڕی پارەکەی زیاددەکات، هەڵبەتە بانقەکە مامەڵە بەو پارەیەوە دەکاتو بەقەرز دەیدەن بە خەڵکی دیکەو فاییزە لە خەڵکی وەردەگرنو واتە بانق بەشێك لەو قەرزە و سوودەی خەڵکی وەردەگرێت و دەیدات بەو کەسانەی پارەکەیان لەو بانقانەدایە.(توێژەر).

[47] Nezir AKYEŞİLMEN ve Arif Behiç ÖZCAN: Türkiye'de İslami Hareketlerin Siyasetteki Rolü, Selçuk Üniversitesi Sosyal Bilimler Enstitüsü Dergisi Sayı: 31, 2014, ss. 29-38, sayfa 31-32.

[48] Yrd. Doç. Dr. İsmail Çağlar: Önce Kikaynak,Sayfa 3.

[49] Nezir AKYEŞİLMEN ve Arif Behiç ÖZCAN: Önce Kikaynak,Sayfa 34.

[50] Yrd. Doç. Dr. İsmail Çağlar: Önce Kikaynak,Sayfa 5-6.

[51] Fatma Betül Demirlek: Önce Kikaynak,Sayfa 42.

[52] Nezir AKYEŞİLMEN ve Arif Behiç ÖZCAN: Önce Kikaynak,Sayfa 36-37.

[53] Yrd. Doç. Dr. İsmail Çağlar: önce kikaynak,sayfa 8.

* فەتۆ ( Feto) مەبەست لە گرووپی خزمەتو فەتحوڵڵا گولەنە، کە لە تورکیا بە گرووپی تیرۆرستی فەتحوڵڵا گولەن(Feto) ناسراوە( توێژەر).

[54] Nezir AKYEŞİLMEN ve Arif Behiç ÖZCAN: Önce Kikaynak,Sayfa 36-37.

* هێزە قوڵەکان (Derin Güçler): مەبەست لەو گرووپو ڕێکخراوانەی، کە لەلایەن دەوڵەت خۆی یان گرووپێکی تیرۆرستی یان دەزگا سیخورییەکانی وڵاتانی جیهانەوە پشتیوانی دەکرێنو بێ ئەوەی ناویان هەبێت زۆرترین کاریگەرییان بەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی تورکیاوە هەیە . ( توێژەر ) .

[55] https://www.siyasetcafe.com/en-yakin-muridinden-sok-itiraflar-suleymancilari-cia-yonetiyor-45492h.htm. وەرگیراوە لە: ٥ی کانوونی دووەمی٢٠٢٢

[56] https://www.halveti.net/tr/yeni/Tasavvuf.asp?cid=6&sid=24 وەرگیراوەلە:10ی کانوونی دووەمی2022

[57] https://www.terzibaba.com وەرگیراوە لە:٢ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢

[58] Ahmet Yaşar Ocak: önce kikaynak,Sayfa119.

[59] https://www.nuranitv.com/وەرگیراوە لە: ٢٠ی کانوونی دووەمی/٢٠٢٢

[60] Ahmet Yaşar Ocak: önce kikaynak,Sayfa 121.

[61] کەنعان ڕیفاعی: 1867 لە سیلانیك ( Selanik) لەدایکبووە خوێندنی لە ئەستەنبوڵ تەواوکردووە پاش تەواوکردنی خوێندن، پۆستی لە دەوڵەت وەرگرتووە پاشان چووە بۆ شاری مەدینەو بۆ ماوەی چوارساڵ خزمەتی سەید حەمزەی روفاعی کردووە. سەید حەمزە وەك شێخی کەنعان ڕیفاعی مۆڵەتی خەلیفایەتی پێبەخشیوە. کەنعان پاش گەڕانەوەی بۆ ئەستەنبوڵ دەستی کردووە بە سەرپەرشتی دەرگاهی دایکی کەنعان، کە لە 1908 لەلایەن دایکی کەنعان خۆیەوە بونیاتنراوە.(بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: **Ahmet Yaşar Ocak: önce (kikaynak,Sayfa,176-178**

[62] Aynikaynak, Sayfa 176-178 بۆ زانیاری، زیاتر: بڕوانە:

[63] Büşra Ersanlı: Önce Kikaynak,Sayfa 142-143.

[64] Ahmet Yaşar Ocak: önce kikaynak,Sayfa182-184 بۆ زانیاری زیاتر: بڕوانە:

[65] Hilal Bartu: Önce Kikaynak ,Sayfa 143.

[66] https://kubbealti.org.tr/vakif-hakkinda وەرگیراوە لە:٢٠ی کانوونی یەکەمی٢٠٢١

[67] Ahmet Yaşar Ocak: önce kikaynak,Sayfa 190.

[68] Aynikaynak, Sayfa 17-18.

[69] İlkan Öz: Sekülerleşmiş tarikat, şirket ve siyaset parti: Haydar Baş ve Bağımsız Türkiye Partisi, Yüksek lisans tezi, Galatasaray üniversitesi, sosyal bilimler enstitüsü, siyaset bilimi ana bilim dalı, İstanbul, 2019,sayfa42.

[70] Ahmet Aktaş: önce kikaynak,Sayfa 42.

[71] İlkan Öz: önce kikaynak,Sayfa 53.

[72] Aynikaynak ,Sayfa 63.

[73] https://ilam.org.tr/hakkimizda.html.

[74] Ahmet Aktaş: önce kikaynak,Sayfa 92-93.

[75] İlkan Öz: önce kikaynak,Sayfa 95-96.

[76] Ahmet Aktaş: önce kikaynak,Sayfa 102.

[77] Ahmet Aktaş: önce kikaynak,Sayfa,sayfa 12-16.

## سەرچاوەکان:

### یەکەم: تێزی ماستەر و دکتۆرا:


1- Abdül Samet Çelikçi, Derin Devletin Bir Kanadı Olark Türkiye'de Dini Gruplar, Doktora Tezi, Samsun Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Siyaset Bilimi Ana Bilim Dalı, Samsun, 2020 .

10- İzzettin Ürek: Günümüz Bitlis Medreselerinde Mantık Eğitimi (Norşin Medreseleri Örneği), Yüksek Lisans Tezi, Dicle Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Mantık Bilim Dalı, Diyarbakır, 2020.

11- Hilal Bartu: Kayseride Tarikatlar Ve Tekkeler, Yüksek Lisans Tezi, Erciyes Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Tasavvuf Tarihi Bilim Dalı, Kayseri, 2017.

12- Haldun Demirel: Türkiye'de Sivil Toplum Ve Tarikatlar "Altınoluk" Dergisi Çerçevesinde Nakşibendi Tarikatı, Yüksek Lisans Tezi, Kırıkkale Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Kamu Yönetimi Ana Bilim Dalı, Kırıkkale, 1997.

13- Fatma Betül Demirlek: Kadınların Modaya Yöneliminde Ötekileştirilmenin Rolü "Süleyman Hilmi Tunahan Cemaati" Konya Örneği, Yüksek Lisans Tezi, Necmettin Erbakan Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Din Sosyolojisi Ana Bilim Dalı, Konya, 2015.

14- İlkan Öz: Sekülerleşmiş Tarikat, Şirket Ve Siyaset Parti: Haydar Baş ve Bağımsız Türkiye Partisi, Yüksek Lisans Tezi, Galatasaray Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Siyaset Bilimi Ana Bilim Dalı, İstanbul, 2019.

2- Büşra Ersanlı: Dini Sosyal Teşekküller Gölgesinde Türkiye'nin Geleceği, Doktora Tezi, Eskişehir Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Tasavvuf Tarihi Bilim Dalı, Eskişehir, 2020.

3- Ahmet Aktaş: Tarikatların Toplumsal İşlevi, Diyarbakır Kdiri Tarikatı Örneği, Yüksek Lisans Tezi, Necmettin Erbakan Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Din Sosyolojisi Bilim Dalı, Konya, 2014.

4 - Mehmet Çelik: Tasavvuf ve İlmi Birleştiren Bir Kurum Olarak Medreseler (19. ve 20. Yüzyıllarda Norşin Medresesi Örneği), Yüksek Lisans Tezi, Mardin Artuklu Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Tarih Ana Bilim Dalı, Mardin, 2017.

5- Nürettin Aydın: Nakşibendiliğ'in Halidiyye Kolu Hazneviler Üzerine Sosyolojik Bir Araştırma, Mardin İli Örneği, Yüksek Lisans Tezi, Süleyman Demirel Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Felsefe Ve Din Bilimleri Bilim Dalı, Isparta, 2016.

6- Ahmet Yaşar Ocak: Ulusal Güvenlik Tehdidi Olarak Dini Gruplar, Yuksek Lisans Tezi, Kırıkkale Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Ulusal Güvenlik Yuksek Lisan Programı, Kırıkkale, 2018.

7- Adem Karataş: Türkiye'de Bir Nakşibendi Grubunun Dönüşümü: Menzil Grubu Örneği, Yüksek Lisans Tezi, Sakarya Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Sakaray, 2019.

8- Nihan Karali: Türkiye'de Modern Tasavvuf Kaynaklarında Kullanılan Ayetler Bunların Değerlendirilmesi: Menzil Cemaati Semerkand Dergisi Örneği, Yüksek Lisans Tezi, Kırklareli Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Temel İslam Bilimleri Bilim Dalı, Kırklareli, 2020.

9-Metin Ermiş: Halidi Medrese Geleneği Ve Norşin Medresesi, Yüksek Lisans Tezi, Van Yüzüncü Yıl Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Din Eğitimi Bilim Dalı, Van, 2019.

**دووەم:کتێبە کوردییەکان:**

١٠- بەرزانی مەلا تەها: سۆفیزم و شۆڕش دەربارەی( شێخ عوسمان سیراجەدین نەقشبەندی) و مێژووی خەباتی(سوپای رزگاریی کوردستانی ئێران)، چ1، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، 2018.

١١- د. جەعفەر عەلی رەسوڵ: سۆفیزم و کاریگەری لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورددا(1880-1925)، چ2،چاپخانەی، رۆژهەڵات، هەولێر ،2013.

١٢- مارتن فان برونەسن: ئاغاو شێخ و دەوڵەت، و.کوردۆ عەلی، ب2، چ4، سلێمانی، 2003.

١٣-مارتن ڤان برۆنسێن: کوردەکان‌و ئیسلام، و.ژیلاخۆش بەیات، تیشك، گۆڤارێکی شیکارانەی کۆمەڵایەتی سیاسییە، ژمارە 54، ساڵی بیستویەکەم، زستان 2719.

١٤- عەدنان ئەمین: پێگەی بیری سیاسیی لە تەریقەتی نەقشبەندیدا، زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان (KCCRC)،10، ئازاری 2018.

١٥-کۆمەلێك نووسەر: رێبازی سۆفیگەریی نەقشبەندیی - خالیدی ( مەولانا خالیدو تەریقەتی خالیدی) و. محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، چ1، چاپخانەی ئاراس، هەولێر 2009.

**سێیەم: گۆڤارە زانستییەکان:**

16- Yrd. Doç. Dr. İsmail Çağlar: Tevarüs Edilmemiş Gelenek, Süleymancılık, Uluslararası Politik Araştırmalar Dergisi, 2016, Yıl:2, Cilt:2, Sayı:2, ss. 1-10.

17- Nezir Akyeşilmen Ve Arif Behiç Özcan: Türkiye'de İslami Hareketlerin Siyasetteki Rolü, Selçuk Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü Dergisi, Sayı: 31, 2014, ss. 29-38.

**چوارەم:سایتە ئینتەرنێتییەکان:**

**أ- عەرەبیەکان:**

**١٨- د.عصمت برهان الدين: الطريقة السليمانية (سليمانجيلر) في تركيا المعاصرة، دراسات اقليمية ،5، 11، مركز للدراسات الاقليمية.**
https://regs.mosuljournals.com/article_30402_89b8b16c5e565bbfa7db0b2f3b532d3a.pdf

١٩-د. ادريس بووانو: الاسلاميون الجدد في تركيا، البدايات، المكونات، التحولات، المعادات، مصدر كتاب موقع الوحدة الاسلامية، كانون الأول2004، وەرگیراوە لە: 19ی کانوونی دووەمی2020، http//www. Alwihdah.com

**ب- تورکییەکان:**

20--https://www.siyasetcafe.com/en-yakin-muridinden-sok-itiraflar-suleymancilari-cia-yonetiyor-45492h.htm. وەرگیراوە لە:٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢

21- https://tunahan.org/hayati/ Tunhan Haytı وەرگیراوە لە :٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢

22-https://www.halveti.net/tr/yeni/Tasavvuf.asp?cid=6&sid=24 وەرگیراوەلە:١٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢

23-- https://www.terzibaba.com وەرگیراوە لە:٢ی کانوونی دووەمی٢٠٢٢

24- https://www.nuranitv.com/ وەرگیراوە لە: ٢٠ی کانوونی دووەمی٢٠٢٢

25- https://kubbealti.org.tr/vakif-hakkinda وەرگیراوە لە: ٢٠ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢١